ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# کەلتووری خۆبەکەمزانین و ئەقڵیەتی سیاسی کورد
# (توێژینەوەیەکی سۆسیۆسایکۆلۆجیە)●

| |
|---|
| محەمەد ڕەحمان ئەحمەد |
| قوتابی دکتۆرا، بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، عێراق |
| mohammed.rahman.a@su.edu.krd |
| پ. ی. د. ئەمین فەرەج شەریف |
| بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، عێراق |
| amin.sharif@su.edu.krd |

| | | |
|---|---|---|
| وشە کلیلییەکان : | Received: 20/10/2025 | ID No. 5298 |
| کورد، کەلتووری خۆبەکەمزانین، ئەقڵیەتی سیاسی، خێڵەکی | Accepted: 14/12/2025 | (PP 1 - 29) |
| | Published:07/06/2026 | https://doi.org/10.21271/zjlp.24.42.1 |

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ڕوونکردنەوەی کاریگەرییەکانی کولتوری خۆبێکەمزانینە لەسەر ئەعەقڵیەتی سیاسی کورد، وەک پێکهاتەیەکی دەروون-کۆمەڵایەتی ڕەگداکوتاوی قووڵ کە بەدرێژایی سەدەکانی هەژموون و گێژاوی سیاسی پێکهاتووە. شیکاری سیاسی تەنیا لە دامەزراوە فەرمییەکان قەتیس ناکرێ؛ بەڵکو پێویستی بە لێکۆڵینەوە لەو بەها و داب و نەریتە نافەرمیانە هەیە کە ڕێنمایی ڕەفتاری سیاسی دەکەن، کە زۆرجار بەرهەمی ئەزموونە مێژووییە توندەکانن کە کۆمەڵگای کوردی بەرگەی گرتووە. ئەم توێژینەوەیە تیۆری وەسفیی-شیکاری بەکاردەهێنێت، پێداچوونەوە بە سەرچاوە مێژووییەکان، سەفەرنامە و ڕووداوە سیاسییەکان دەکات، هاوشانی لێکدانەوەی پێکهاتەی دەروونی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگەی ئامرازەکانی دەروونناسی کۆمەڵایەتییەوە. لێکۆڵینەوەکە تیشک خرایە سەر دەرکەوتەکانی کولتووری "خۆبکەمزانین" وەک ئەوەی لە ڕەفتاری سیاسیدا ڕەنگدانەوەی هەیە، وەک میوانداریی زیادەڕۆیی بەرامبەر بە بیانییەکان، مەیلی سازشکردن لەگەڵ زلهێزە دەرەکییەکان، لاوازی یەکگرتووی ناوخۆیی، ڕەقبوونی زیادەڕۆیی بەرامبەر بە هاوکوردەکان بە بەراورد بە نەرمی بەرامبەر بە نەیاران، پشتبەستن بە ڕێگەچارەی دەرەکی لەبری بنیاتنانی پشتبەستن بە سەربەخۆیی. دۆزینەوەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ئەم کولتوورە تەنیا دیاردەیەکی تێپەڕ نەبووە بەڵکو لە بیرکردنەوەی سیاسی کورددا چەسپاوە و بەشداریی کردووە لە بەردەوامبوونی دابەشبوون و لاوازی بڕیاردانی سیاسی و سەختی گواستنەوە بۆ پڕۆژەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوو. لێکۆڵینەوەکە بەو ئەنجامە دەگات کە زاڵبوون بەسەر کاریگەرییەکانی کەلتوری "خۆبکەمزانین" پێویستی بە چارەسەرکردنی پێکهاتە کولتوورییە نافەرمیەکان و بەهێزکردنی هۆشیاری دەستەجەمعی و هەنگاونان بەرەو مۆدێلێکی سیاسییە کە لەسەر متمانە بەخۆبوون و دەستپێشخەری بنیات نراوە، کە کورد بتوانێت ئیرادەیەکی سیاسی سەربەخۆتر و کاریگەرتر پەرەپێبدات.

● ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەڵهێنجراوە وەک بەشێک لە تێزی دکتۆرای قوتابی ( محەمەد ڕەحمان ئەحمەد) بەناونیشانی (خێڵگەرایی و سیاسەت: توێژینەوەیەک دەربارەی کاریگەرییەکانی خێڵگەرایی لەسەر ئەقڵیەتی سیاسی کورد لە هەرێمی کوردستان)، بەسەرپەرشتی (پ. ی. د. ئەمین فەرەج شەریف) کە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانسیە سیاسیەکانی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، دەکرێت.

# پێشەکی

**یەکەم: دەروازەیەك بۆ ناساندنی بابەتەکە:**

**هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی بە دیاریکراویش هەموو نەتەوەیەک، کۆمەڵێک ئەدگار و بەها و نەریتی هاوبەشی هەیە کە بەرهەمی سەدان و هەزاران ساڵەی کارلێکی جوگرافی و ژینگەیی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانن. بە گوزارشتێکی دیکە، هەموو نەتەوەیەک ژێرخان و پەیکەری هزری خۆی هەیە کە وەکو ڕێگاکەلێکە بەسەریدا دەڕوات و بیردەکاتەوە و ڕەفتاری ئاڕاستە دەکات. وەک چۆن ئەو ژێرخان و پەیکەرە هزریە کە ئەقڵیەتی ئەو نەتەوەیە دیاریدەکەن بەرهەمی سەدان ساڵەیە، بەهەمان شێوەیە گۆڕان لەو ئەقڵیەتە و دەربازبوون لێی کارێکی وا سانا نیە، ئەویش دەیان و سەدان ساڵی کارکردنی دەوێ. نەتەوەکان هاوشانی سەردەمەکان بە شێوەیەکی ئاسۆیی ناگۆڕدرین، بەڵکو تەنها ئەوانە دەگۆڕدرێن کە کاریان لەسەر گۆڕانی خۆیان کردووە، ئەوانەی کار لەسەر ڕەخنەلەخۆگرتن و گۆڕان لە خۆیان ناکەن هەر هەمان ڕەفتاری ڕابردوو دووبارە دەکەنەوە، بە فۆڕمێکی نوێتر. نەتەوەی کورد وەک یەکێک لە دێرینترین نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە کۆمەڵێک ئەدگار و بنەمای هزری خۆی هەیە کە بە درێژایی مێژوویەکی دوور پەیڕەوی لێکردووە و پێی ناسراوەتەوە، یەکێک لەو ئەدگار و تایبەتمەندیانە بریتی بووە لە میواندۆستی، میواندۆستی بە ئەدگارێکی زۆر ئەرێنیانەی کورد باسی لێوەکراوە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەڵام ئێمە لەو توێژینەوەیە هەوڵدەدەین کاریگەرییە نەرێنیە سیاسیەکانی ئەم ئەدگارە نەریتیەی کورد بکۆڵینەوە و دەریبخەین.**

**دووەم: کێشەی توێژینەوە:**

**کاتێک مێژووی سیاسی کوردان دەخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت کە ئەم نەتەوەیە سەدان ساڵە هەمان هەڵە دووبارە دەکاتەوە وانە لە مێژووی خۆی وەرناگرێت و لێی فێرنابێت، بەهەمان ڕێگا و شێواز لەلایەن نەتەوە باڵادەست و داگیرکارەکانی فریو دەدرێتەوە بەشێوەیەکی چەند بارە، کوردان باش دەزانن سەرکەوتنیان لە یەکگرتنیاندایە بەڵام یەکیش ناگرن، باش دەزانن دووژمنان هەڵیان دەخەڵەتێنن بەڵام هەر دەچنە پاڵ دووژمن و پشت لە هاونەتەوەکەی خۆیان دەکەن، ئەم ئاکار و ئەقڵیەتە سیاسەی کوردان مایەی نیگەرانی و شەرمەزاری هەموو کوردێکە بەڵام هەر بەردەوامیشە لەگەڵیان، ئەمەش گرفێکە گەورەیە و لە ڕەفتار و ئەقڵیەتی سیاسی کوردان ڕەنگدەداتەوە. بۆیە لەم توێژینەوەدا هەوڵ دراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە، کاریگەری و لێکەوتەکانی کەلتووری خۆبەکەمزانین لەسەر ئەقڵیەتی سیاسی کوردان چیە؟**

**سێ یەم: گرنگی توێژینەوە:**

**توێژینەوە لە لایەنی نەرێنی ئەقڵیەت و ڕەفتاری سیاسی کورد بایەخی خۆی هەیە چونکە دەستنیشانکردنی نەخۆشی هەنگاوی یەکەم و بنەڕەتی چارەسەرە، بەتایبەتی لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆجی و سۆشیۆلۆجیانە و، دەستبردن بۆ بنکۆڵکردنی کەلتووری خۆبەکەمزانین وەک ماکێکی باوی زۆربەی نەتەوە ژێردەستەکان، لەپێناو ئەوەی کە یارمەتیدەر بێت بۆ بڕیاربەدەستانی سیاسی کورد تا بە دووبارە نەکردنەوەی هەمان هەڵەکانی ڕابردوو چیتر دەرفەتەکان لە دەست نەدەن.**

**چوارەم: ئامانجی توێژینەوە:**

**ئامانج لەو توێژینەوەیە دەرخستنی کاریگەری و ڕەنگدانەوەی کەلتووری خۆبەکەمزانینە لەسەر ئەقڵیەتی سیاسی کورد، ئەمەش لە پێناو ناسینی ڕیشەیی ڕەفتارە سیاسیەکانمان و ئەو هەڵە و ئەنجامە نەرێنیانەی کە لێی دەکەوێتەوە بۆ ئەوەی پەند و وانەی لێوەربگرین.**

پێنجەم: سنووری توێژینەوەکە:

1. سنووری کاتی:

قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ئەم توێژینەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٥/١٠ تا ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١٠/١٥ بە تەواوی ئەنجامدراوە.

2. سنووری بابەتی:

ئەم توێژینەوە سنووردارە بە دیاریکردنی دەرکەوتەکان و کەلتووری خۆبەکەمزانین وەک پێکهاتەیەکی سۆسیۆ-سایکۆلۆجی، و شیکردنەوەی کاریگەریە ڕاستەوخۆکانی لەسەر بیر و ڕەفتاری تاکی سیاسیی کورد. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ڕەگ و ڕیشەی ئەم کەلتوورە و ئۆنجامی سیاسییەکانی، بەبێ ئەوەی بگەڕێتە قووڵ لە لایەنە ئابووری، سەربازی، یان سازمانگەری سیاسی.

شەشەم: تیۆری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە بۆ تێگەیشتنە لە دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە وەسفکردنی مانا و دەرکەوتەکانیان لە ڕاستیدا. توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفی وەک چوارچێوەی تیۆرۆلۆژیی سەرەتایی خۆی گرتەبەر، کە لە ڕێگەیەوە ڕەفتاری سیاسی و بیرکردنەوەی سیاسی کورد بە پشتبەستن بە بنەماکانی قوتابخانەی ڕەفتاری وەسف کرا، کە تیشک دەخاتە سەر ئەو هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتیانەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری سیاسی تاک و گروپ و بڕیاردەر هەیە.

ئەم ڕێبازە بووە هۆی ئەوەی توێژینەوەکە بتوانێت وێنەیەکی ڕوون لە سروشتی دەروونناسی کۆمەڵایەتی-نەتەوەیی کورد لەناو کایەی سیاسیدا بخاتەڕوو، بە وەسفکردنی دەرکەوتەکان و دەربڕینەکانی وەک ئەوەی لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەردەکەون.

## ١ - تیۆری کەلتووری سیاسی

سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی هەردوو بیرمەندی سیاسی ئەمریکی گابڕێل ئەڵموند( Gabriel Almond) و سیدنی ڤێربا (Sidney Verba) لە پەرتووکە هاوبەشەکەیان بەناونیشانی " کەلتووری مەدەنی: هەڵوێستە سیاسیەکان و دیموکراسی لە نێو پێنج نەتەوەدا " ( The Civic Culture: Political Attitudes and Democracy in Five Nations) کە لە ساڵی ١٩٦٣ بڵاویان کردەوە. لەم کتێبەدا هەر دوو نووسەر هەوڵی چەمکاندن و تیۆرەکردنی " کەلتووری سیاسی" یان دا. لەم سۆنگەیەوەش، لەسەرەتادا هەردوو نووسەر هەوڵی سەربەخۆکردنی چەمکی کەلتووری سیاسی و جیاکردنەوەی دەدەن، هەم لە چەمک و زانستەکانی دیکەی وەکو مرۆڤناسی، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، هەم لە کەلتووری گشتی و لقەکەلتوورەکانی دیکە.

هەرچی سەبارەت بە لایەنی یەکەمە، هەرچەندە هەردووکیان ددان دەنێن بە ڕۆڵ و بەشداری زانستەکانی مرۆڤناسی، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، لە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە ڕەفتاری سیاسی تاکەکانی هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک، هەروەها ددان دەنێن بەو یارمەتیانەی کە چەمکی کەلتووری سیاسی لەم زانستانەی وەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێیانوایە کە چەمکی کەلتووری سیاسی جیایە لەو چەمکانەی کە ئەم زانستانە بەکاری دەهێنن، بۆ نموونە وەک چەمکی مۆڕکی نەتەوەیی(National Character) ، تەرزی کەسێتی (Modal Personality).[1]

[1] Gabriel Almond - Sidney Verba, "The Civic Culture: Political Attitudes and Democracy in Five Nations" SAGE Publication, California, 1989, p11.

مۆرکی نەتەوەیی ئاماژەیە بۆ ئەو تایبەتمەندی و سیفەتە زاڵ و جێگیرانەی ئەندامانی نەتەوەیەکی دیارکراو، کە پێی لە نەتەوەکانی دیکە جیادەکرێتەوە. بەمەش مۆرکی نەتەوەیی باس لە سیفەتە زاڵ و باوەکانی نێو ئەندامی کۆمەڵگەیەک یان نەتەوەیەک یاخود گروپێکی ئیتنی دیارکراو دەکات. هەروەها مۆرکی نەتەوەیی باس لە سیفەتگەلێکی جێگیر و نەگۆڕ دەکات کە وەک مۆر و مۆرکێک وایە بە نێو چەوانی ئەندامانی ئەو نەتەوە دیارکراوە و لێیان نابێتەوە.[1]

ئەمەش جیایە لە چەمکی کەلتووری سیاسی، چونکە کەلتووری سیاسی لەلایەک گشتگیرترە لە مۆرکی نەتەوەیی، لەو ڕووەی کە کەلتووری سیاسی تەنها بایەخ بە سیفەتی ڕەفتاری تاکەکانی نێو کۆمەڵگە نادات بەڵکو بایەخ بەو بەها و بیروباوەڕ و داب و نەریتانەش دەدات کە ئەم سیفەتانەیان هێناوەتە کایەوە. هەروەها کەلتووری سیاسی وەک مۆرکی نەتەوەیی جەخت لەسەر هەموو سیفەتە ڕەفتاریە کۆمەڵایەتیەکان بە گشتی ناکاتەوە، بەڵکو تەنها بایەخ بە سیفەتە ڕەفتاریە سیاسیەکان دەدات. خاڵێکی دیکەی جیاوازیش ئەوەیە کە، مۆرکی نەتەوەیی گریمانەی جێگیری و نەگۆڕی ئەو سیفەت و تایبەتمەندیە نەتەوەییانە دەکات، بەڵام کەلتووری سیاسی گریمانە گۆڕان دەکات لە کەلتووری سیاسی هەر کۆمەڵگەیەک، کە دەکرێت لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دیکە ڕووبدات.[2]

بەهەمان شێوە کەلتووری سیاسی جیاوازە لە تەرزی کەسێتی (Modal Personality). تەرزی کەسێتی ئاماژەیە بۆ سیفەت و تایبەتمەندیە زاڵ و باڵادەستەکان لە کەسێتی تاکەکان و گروپە دیارکراوەکان. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین تایبەتمەندی و ئەدگارەکانی کەسێتی تاکی مسری بریتیە لە ڕاهاتنی خێرا لەگەڵ دۆخە جیاوازەکان، نوکتەبازی، زێدەڕۆییکردن لە سەلماندنی خود، خۆدزینەوە لە بەرپرسیاریەتی، حەزکردن بە کاری تاکانە نەک کۆمەڵی، تەمبەڵی و گرتنەبەری کورترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئامانج، تێڕوانینی ڕۆمانسیانە بۆ یەکسانی و دادپەروەری. ئەمەش زیاتر لە ڕێگای توێژینەوەی ئاماری دەردەکەوێت، کاتێک لەو سیفەتە زاڵ و باوانە دەکۆڵیەوە لەنێو دانیشتوانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو. لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە تەرزی کەسێتی جیایە لە کەلتووری سیاسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تەرزە کاریگەری لەسەر پێکهێنانی کەلتووری سیاسی هەیە.[3]

هەرچی سەبارەت بە لایەنی دووەمیشە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە، کەلتووری سیاسی وەک بەشێک لە کەلتووری گشتی، لە لقە کەلتووریەکانی دیکە جیایە ، وەکو کەلتووری ئایینی و کەلتووری ئابووری. وەک چۆن کەلتووری ئایینی پەیوەستە بەو ڕەفتار و هەڵوێستانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە ئایین هەیانە، یاخود کەلتووری ئابووری پەیوەستە بەو ڕەفتار و هەڵوێستانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە پرس و دۆخە ئابووریەکان هەیانە، بەهەمان شێوە، کەلتووری سیاسیش پەیوەستە بە هەڵوێست و ڕەفتاری سیاسی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە بە ئاڕاستەی سیاسەت. بەگشتی مەبەستی سەرەکیان لێرەدا ئەوەیە، کە هەڵوێستی سیاسی لە هەڵویستی ناسیاسی جیابکەنەوە. بەم شێوەیە، کەلتووری سیاسی وا پێناسە دەکەن، کە ئاماژەیە بۆ ئاڕاستە سیاسیە تایبەتەکان، هەڵوێستەکان بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی بەگشتی و تەواوی بەش و لقە جیاوازەکانی، هەروەها بریتیە لە هەڵوێستی تاکەکان بەرامبەر ئەو ڕۆڵەی کە هەیانە لەنێو سیستەمی سیاسیدا.[4]

چەمکی ئاڕاستەکان (orientations) لە تیۆری کەلتووری سیاسی لەلایەن ئەلمۆند و ڤێربای زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە ، ئەویش بە پشتبەستن بە نووسینەکانی هەردوو بیرمەندی بواری کۆمەڵناسی سیاسی ئیدوارد شیلز و تالکۆت پارسۆنز (Edward Shils – Talcott Parsons). ئاڕاستەکان بریتین لە هەموو ئەو شتانەی کە هەر لە منداڵیەوە مرۆڤ لە

[1] کەمال مەنوفی، " تیۆرەکانی سیستەمە سیاسیەکان" وەرگێرانی: ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، ساڵی ۲۰۰۷. ل ۱۸۳.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ۱۸٤.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ۱۸٥.

[4] Gabriel Almond - Sidney Verba, op.cit, p12.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

ژینگەی دەوروبەری وەریدەگرێت و لە مێشک و دەروونیدا جێگیر دەبێت، پاشان ڕەفتارەکانی ئاڕاستە دەکات و هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە پرسە سیاسیەکان دیاریدەکات. بە گوزارشتێکی دیکە، ئاڕاستەکان ئاماژەن بۆ هەڵوێستی تاکەکان و بەها و بیروباوەڕەکانیان کە پەیوەندیدارن بە سیاسەت. واتە هەموو ئەو فاکتەرانەی کە لە پێگەیاندنی تاکەکان و بە کۆمەڵایەتیکردنیان بەشدارن دەگرێتەوە، بەڵام لێرەدا تەنها مەبەست لەو لایەنانەی پێگەیاندن و بە کۆمەڵایەتیکردنە کە ڕەهەندێکی سیاسیان هەیە و کاریگەریان لەسەر بەرهەمهێنانی ئەقڵیەت و هەڵوێست و ڕەفتاری سیاسی تاکەکان هەیە.[1] لەم سۆنگەیەوە، ئەڵمۆند و ڤێربای ئەوەیان خستەڕوو کە کەلتووری سیاسی سێ ئاڕاستەی سەرەکی هەیە، بەم شێوەیەش پۆلین و پێناسەی دەکەن

- ئاڕاستەی زانین (Cognitive Orientation): ئەم ئاڕاستەیە ئاماژەیە بۆ زانین و تێگەیشتن و ئاگایی هاووڵاتیان لەبارەی سیستەمی سیاسی و دامەزراوەکان و پرسە سیاسیەکان، کە لە خۆگری ڕۆشنبیری سیاسی و هۆشیاری هاووڵاتیان بەرامبەر بە ماف و بەرپرسیاریەتیەکانیان و ئەو ڕۆڵانەیە کە تیایدا دەیگێڕن، لە تێهاوێشتە و دەرهاوێشتەکانی.
- ئاڕاستەی سۆزداری (Affective Orientation): ئەم ئاڕاستەیە ئەو وابەستە سۆزداری و هەست و هەڵوێستانە دەگرێتەوە کە تاکەکان بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی و هێماکانی هەیانە. ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر بەجێهێنانی ئەو ڕۆڵەی کە تاکەکان دەیگێڕن لەنێو سیستەمی سیاسی. ئاڕاستەی هەڵسەنگاندنی (Evaluational Orientation): ئەم ئاڕاستەیە ئەو بەها و بیروباوەڕ و فەرمان و داوەریکردنانە لە خۆدەگرێت کەتاکەکان بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی و سیاسەت و سەرکردە سیاسیەکان هەیانە.[2]

ئاڕاستەی یەکەم پەیوەستە بە لایەنی تێگەیشتن و ڕۆشنبیری سیاسی هاووڵاتیان بەرامبەر بە دامەزراوە سیاسیەکان و پڕۆسەی سیاسی و سەرکردە و بەرپرسە سیاسیەکان، کە چۆن لێیان دەڕوانن. لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی کە دامەزراوەکانی لاواز و تازە سەرهەڵدراون و نەگەیشتوونەتە ئاستی بە دامەزراوەییبوونی تەواوەتی وەکو وواڵتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکان، ئەوا هاووڵاتیان ڕۆڵی سەرکردە سیاسیەکان باڵاتر دەبینن لە پرۆسەی سیاسی بە بەراوورد بە ڕۆڵی دامەزراوەکان، دامەزراوەکان ئەو شکۆ و باڵاییەیان نیە لە ئاگایی هاووڵاتیان لە پڕۆسەی سیاسی، چونکە پەیوەندیە کەسیەکان لەنێو دامەزراوەکان باڵادەستن نەک پەیوەندیە یاسایی و بیرۆکراسیەکان.

هەروەها ئاگایی و هۆشیاری هاووڵاتیان بەرامبەر بە ئەرک و مافەکانیان لە هەر کۆمەڵگەیەکی سیاسی کاریگەری لە سەر ڕۆڵ و کارایی سیستەمی سیاسی دەبێت ، بەتایبەتی لە ئەرکی تێهاوێشە و دەرهاوێشتەی سیستەمی سیاسی، چونکە گەر هاووڵاتیان هۆشیاربن بەرامبەر بە ئەرک و مافەکانیان و چالاک و بەشداردەبن لە پڕۆسەی سیاسی، کاتێک هاووڵاتیانیش چالاک و بەشداردەبن لە پرۆسەی سیاسی ئەوا هاوسەنگی دروستدەبێت لە نێوان تێهاوێشتە و دەرهاوێشتەکان(Input & Output)، بەو مانایەی کە ئاستی دەرهاوێشتەکان بەرزدەبێتەوە بە ئەندازەی تێهاوێشتەکان، بەڵام لەو کۆمەڵگەیانەی کە هۆشیاری سیاسی تاکەکان نزمە، ئاستی بەشداری و کاریگەری هاووڵاتیان نزم دەبێتەوە، بەمەش ئاستی تێهاوێشتەکان نزم دەبێتەوە و ئاستی دەرهاوێشتەکانیش بەرز.

ئاڕاستەی دووەم پەیوەستە بە لایەنی سۆزداری و هەڵچوونەکان و دڵبەندی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ هێما نەتەوەییەکان، ئاستی یەکانگیری نەتەوەیی و هاوشوناسبوونی تاکەکان بەیەکەوە. ئەمەش کاریگەری لەسەر بەجێهێنانی ئەو ڕۆڵانە دەبێت کە تاکەکان لەنێو سیستەمی سیاسی و دامەزراوە سیاسیەکان دەیگێڕن، هەرچەند فەرمانداری دامەزراوەیی لە

---

[1] Ibid, pp 13-14.

[2] Ibid, p14.

وولاتێکدا بووبێتە کەلتوور ئەوەندە تاکەکان دڵبەندی و سۆز و ڕێزیان بۆ دامەزراوەکان دەبێت بە هی خۆیان دەزانن، بەمەش پابەندیان زیاتر دەبێت پێی.

هەروەها ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی یەکانگیری سیاسی و نەتەوەیی. ئایا تاکەکان لەسەر پرسە نەتەوەییەکان هاوهەڵوێستن، هەڵچوونەکانیان لەسەر پرسە گشتیەکان یەکە ، ئاستی یەکانگیری نەتەوەییان چەندە؟ لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی کە دابەشبوونێکی نەریتی قوڵ لە نێوانیاندا هەیە یەکانگیری نەتەوەییان لاوازە چونکە تاکەکان دڵبەندی و وابەستەییان زیاتر بۆ شوناسە لاوەکیە نەریتیەکانە وەکو خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵە و ناوچە و ئایین و ئایینزا... تد. ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر هەڵوێست و ڕەفتاری تاکەکان و سەرکردە سیاسیەکانیش، کە ئایا ئامادەن باڵایی بەرژەوەندیە نیشتیمانیەکان بدەنە سەر بەرژەوەندیە لاوەکیە نەریتیەکان، ئایا شوناسە لاوەکیە نەریتیەکان تا چەند لە ڕەفتاری سیاسی ڕەنگدەدەنەوە و دەبنە بەربەست لەبەردەم هێنانەکایەی یەکانگیری نەتەوەیی و ئامانجە نەتەوەییەکان.

ئاڕاستەی سێیەم جەخت دەکاتە سەر هەڵسەنگاندن و داوەریکردنی هاووڵاتیان لەسەر دامەزراوە سیاسیەکان و دەسەڵاتداران و کۆسیستەمی سیاسی. کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەها و باوەڕی کۆمەڵایەتی تاکەکانە. ئایا هاوولاتیان لەسەر چ بنەمایەک پشتگیر و پاڵپشتی سیستەمی سیاسی دەکەن، لەسەر چ بنەمایەکیش ڕەخنە دەگرن و سیستەمی سیاسی ڕەتدەکەنەوە. ئاستی متمانەی سیاسی هاووڵاتیان بە سیستەمی سیاسی چەندە، لەسەر چ بنەمایەکیش متمانە دەبەخشن، لەسەر چ بنەمایەکیش نایبەخشن. لە کۆمەڵگە نەریتیەکاندا، هەڵسەنگاندن بە زۆری بە پێوەرەکانی نەریتی دەبێت، زۆرجار لەسەر بنەمای هەستی ئایینی یان دەمارگیری ناوچەگەریەتی یاخود شوناسە لاوەکیەکان پشتگیری سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتدارەکانی دەکرێت و متمانەیان پێ دەبەخشن، لەسەر هەمان بنەماش دژایەتی سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتدارەکان دەکرێت. ئایا تا چەند پرسە کەسیەکان کاریگەریان هەیە لەسەر متمانەی سیاسی بە بەرپرسەکان، بۆ نموونە بەرپرسێکی شارەزا و لێهاتوو و دەستپاک بەڵام بێ دین ، ئایا متمانەی پێ دەبەخشرێت لە کۆمەڵگەیەکی دیندار، خەڵک لێی ڕازیدەبن، تا چەند ئەو کۆمەڵگەیە ئامادەیە پرسە کەسیەکان و گشتیەکان جیابکاتەوە لە بابەتی هەڵسەنگاندنی سیاسی.

سەرەنجام، لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەم توێژینەوە لەسەر بنەمای تیۆری کەلتووری سیاسی، کار لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو بەها و بیروباوەڕ و ئاڕاستە نەریتیانە شیبکاتەوە کە کاریگەریان هەیە لەسەر ئەقڵیەت و ڕەفتار و هەڵوێستی سیاسی تاکی کورد. هەروەها کار لەسەر ئەوە دەکات کە چۆن ئەو فاکتەرە بنەڕەتیە کەلتووریانە کۆمەڵێک تایبەتمەندیان بە ئەقڵیەتی سیاسی تاکی کورد بەخشیوە و دواجار هەڵوێست و ڕەفتاری سیاسیان دیاریدەکات بەرامبەر بە پرۆسەی سیاسی بەگشتی. کاتێک ئێمە باس لە کۆمەڵێک بنەما و تایبەتمەندی تاکی کورد یاخود چۆنیەتی ئەقڵیەتی سیاسی کورد دەکەین، وەک مۆرکێکی نەتەوەیی باسی ناکەین کە جۆرێک لە سەقامگیری و جێگیری هەبێت و هەرگیز لە گۆڕان نەیێت، بەڵکو وەکو کۆمەڵێک بەها و بیروباوەڕی کەلتووری باسی لێوە دەکەین کە دەکرێت بە گۆڕانی ئەو بەها و بیروباوەڕانە کەلتووری سیاسیشمان بگۆڕێت.

## ٢- ڕەنگدانەوەی کەلتووری خۆبەکەمزانینی کورد لە سیاسەتدا

لەم بەشەدا هەڵدەدەین باس لە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی کەلتووری خۆبەکەمزانینی کوردان بکەین لەسەر ڕەفتار و ئەقڵیەتی و شێوازی بیرکردنەوە و هەڵوێستی سیاسیان، چ لە ناوخۆدا لەهەمبەر یەکتر، چ لەگەڵ بێگانەکان و نەتەوە داگیرکار و سەردەستەکان. ئەمەش لەم باسانەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:

### ١-٢ میواندۆستی یان خۆبەکەمزانین

میواندۆستی یەکێکە لە دیارترین و زەقترین تایبەتمەندی و ئاکارە خێڵەکیەکانی کورد، بەجۆرێک نەتەوەی کورد زۆر بەم ئاکارە ناسراوە، زۆربەی گەریدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان جەختیان لەسەر میواندۆستی کوردان کردۆتەوە، بەڕادەیەک زۆر جار سەرسامی خۆیان بەرامبەر ئەو ئاکارە دەربڕیوە و کوردیان پێ جیاکردۆتەوە لە نەتەوەکانی دەوروبەری وەکو تورک و عەرەب و فارس و ئەرمەن.

لەم سۆنگەیەوە میجەر نوئێل لە باسی میواندۆستی کوردان دەڵێ " زۆر ئاشکرایە لای هەموو گەریدە ئینگلیزیەکان، ئەوانەی هاتوونەتە کوردستان، کە بە چ گیانێکی پوخت و پڕ لە خۆشەویستی و ڕێزەوە پێشوازیان لێکراوە، کوردەکان... میوانیان گەلێک خۆشدەوێت و پێشوازی گەرمی لێدەکەن".[1] مەیجەر سۆن-یش، لەبارەی میواندۆستی کوردان دەڵیت هەرچەندە ناوبانگیان خراپ ڕۆیشتووە بەڵام زۆر لە تورک و ئەرمەن و عەرەب میواندۆستترن، هەروەها دەڵی هەرچەندە هەژارن و ناوماڵ و شتومەکێکی کەمیشیان هەبوو، بەڵام باشترین مریشک سەردەبڕن بۆ میوان، هێلکەش بە قەد دە کەس بۆ کەسێکی میوان دادەنێن، تەنانەت خواردن و تێشووی سەفەریشیان بۆ دادەنێن.[2]

هەروەها لە چەندین شوێنی دیکە مێجەر نوئێل باسی ئەو میواندۆستیەی کوردان دەکات و بەرزی دەنرخێنێت، بەتایبەتیش کاتێک بەراووردی دەکات بە تورکەکان، باس لەوە دەکات کە لەو دێ و گوندانەی کوردەکان چ پیشوازیەکیان لێکراوە و چەند ڕووخۆش و شاگەشکەن بە میوان، تورکەکانیش چەند گرژ و مۆن و چاوتەنگن، کوردەکان چۆن داوای مانەوەی زیاتریان لێکردوون، کەچی تورکەکان پرسیاریان لێکردوون کەی دەڕۆن، کوردەکان جۆ و ئالیکی تەواویان بۆ ئەسپەکانمان دابین دەکرد، کەچی تورکەکان دەیانگووت چەند دانە ئەسپتان پێیە، کوردەکان بۆ نانی بەیانی زیاتر لە ١٠ خواردنی جۆراوجۆریان بۆ دانابوون کەچی تورکەکان پرسیاری ئەوەیان لێکردوون نان دەخۆن و دەمێننەوە یان دەڕۆن.[3]

ڕیچ لە گەشتەکەیدا بۆ سلێمانی دوای ئەوەی پێشوازی و میوانداریەکی زۆر گەرم و گوڕی کراوە، زۆر سەرسامبووە، بڕوای بەوە نەکردووە کە لە ڕۆژهەڵاتدا گەلێکی وا میواندۆست هەبووبن، بۆیە لە کاتی جێهێشتنی سلێمانی دەنووسێت " بە خەمێکی بێ سنوورەوە کوردستان جێدەهێڵم، چونکە بڕوام نەدەکرد ئەم هەموو خەڵکە چاکەی لە خۆرهەڵاتدا هەن، لەوێ بیانبینم. ناسیاوم تیایدا پەیداکرد و بۆ هەر شوێنێ چووبم زۆر دڵسۆزانە نەوازشم کراوە. میوانداریەکی بێ سنورم کراوە. دەترسم و چاوەڕێش ناکەم لەم گەشتەمدا، کە زۆر ماندووی کردم، جارێکتر ڕەفتاری وام لەگەڵدا بنوێنرێ، لەبەر ئەوە، هەتا ماوم ئەم یادگاریانە لە ناخمدا دەمێننەوە".[4]

گەر سەرنج بدەین ڕیچ دەڵێ چاوەڕێی ئەوە ناکەم جارێکی دیکە ڕەفتاری ئاوام لەگەڵ بنوێنرێ. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ڕیچ زۆر شارەزانی میللەتانی ئەم ناوچەیە بووە، هەموویانی باش ناسیوە، ئەم میواندۆستی و سۆز و خۆشەویستی و ڕێزەی تەنها لە نێو کوردان دیتوە، بۆیە بە خەم و چاوی پڕ فرمێسکەوە سلێمانی جێدەهێڵێ.

(برۆنەسن) یەکێک لە هۆکارەکانی کارکردنی لەسەر کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ میواندۆستی کوردان، سەرسامی خۆی لەبەرامبەر ئەو میواندۆستیە دەردەبڕێت.[5]برێنمان لەباسی میواندۆستی کوردان دەڵێ " هەرکاتێک لەگەڵ کوردان نانم خواردبێت، هەمیشە زیاتر لەوەی پێم دەخورێت بۆمی دادەنێن، خوانچە و چێشتی وا بۆ میوان دادەنێن بەشی ١٠ کەس دەکات. ئەوەندە گوێ بە تێچووی خواردنەکە نادەن. چونکە کوردەکان زۆر بیریان لای خزمەتکردنی میوان و هاوکات بەهای

---

[1] مەیجەر نوئێل، یاداشتەکانی میجەر نوئێل لە کوردستان، وەرگێرانی: حسین احمد جاف و حسین عسمان، چاپخانەی أوفست حسام، ١٩٨٤، ل ٤١

[2] مەیجەر سۆن، گەشتێک بۆ میزۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی ناداردا، وەرگێرانی: مینە، بڵاوکراوەی کتێبخانەی یادگار-سلێمانی، چاپی سێیەم، ٢٠٢٥ ، ل ٥٩

[3] مەیجەر نوئێل، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٣-٥٤

[4] کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان، وەرگێرانی: محەمەد حەمە باقی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٢ ، ل ٢٩٣

[5] مارتن ڤان برۆنەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێرانی: کوردۆ، بەرگی یەکەم ، ١٩٩٩، ل ١

باڵای بەخشندەییە، بڕە خواردنێکی زیاتر لەوەی دەخورێت ئامادەدەکەن. چۆنیەتی چێشتەکە شان بە شانی چەندیەتی چێشتەکەشی، لەبەرزترین ئاستی خۆیدایە''.[1]

بەڵام گەر سەرنج بدەین، ئەم ئەدگار و تایبەتمەندیە خێڵەکیە لەوە دەرچووە کە میواندۆستی بێت، بەڵکو جۆرێکە لە شاگەشکەیی و سەرسامبوونی لە ڕادەبەدەر بەرامبەر بیانیەکان. هەر بۆیە گەریدە بیانیەکان زۆر بە سەرسوڕمانیەوە باسی لێوە دەکەن. ڕیچ کاتێ سەردانی سلێمانی و بابانیەکانی کردووە، جگە لەوەی دونیایەک سەرسامیان بەرامبەر دەربڕیوە، باشترین ئەسپیان پێشکەشکردووە، کاتێک گەیشتۆتە سلێمانی خانوویەکی پێشکەش دەکەن، کە دیارە زۆر بە دڵی نەبووە، پاشان میری سلێمانی پێی ڕادەگەیێنێت کە بچێت سەردانی ناوشار بکات، چ خانوویەکی ویست و ئارەزووی لێی هەبوو، دەمودەست بۆی چۆڵ دەکەن و پێی دەبەخشن، بەڵام جەیمس ڕیچ خۆی ئەم داوای ڕەتکردبۆوە و بە پەسەندی نەزانیوە کە بچێت خانووی کەسێک داگیربکات.[2]

بەڕاستی ئەو ڕەفتارەی میری بابان لە میواندۆستی دەرچووە، بێڕێزیە بەرامبەر بە خەڵکەکەی خۆی و خۆبەکەمزانینە بەرامبەر بێگانە، کاتێک بێگانەیەک بە ئارەزووی خۆی بەشاردا بگەڕێت بڵێت ئەو ماڵەم بۆ چۆڵ بکەن، دەست بەجێ خاوەن ماڵ دەربکەیت و بیخەیتە سەر شەقام لەپێناو ڕازیکردنی دڵی بێگانەیەک.

جگە لەمەش تەنانەت میر ئەوەندە سەرسام و خۆبەکەمزان بووە بەرامبەر بەم میوانە ڕۆژئاواییە (ڕیچ)، لە چیرۆکی ئەفسانەئامێزی پەیدابوونی بنەماڵەکەیان (بابا سلێمان) دەیەوێ باوەڕ بە ڕیچ بهێنێت کە بنەماڵەکەیان لەڕووی خوێنەوە تێکەڵیان هەیە لەگەڵ ئینگلیزەکان، کە کاتی خۆی باپیرە گەورەیان فەقێ ئەحمەد کە باوکی بابا سلێمانە، هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی ئینگلیز کردووە. پێشی گووتبوو دوورنیە من و تۆ خزمبین![3]

ڕۆبێرت ڵ. برێنمان، دەگێڕێتەوە لە کۆڕەوەکەی ١٩٩١ کاتێک کوردی عێراق سنوریان بڕی لە ترسی (سەدام حوسێن) نەکا چەکی کیمیایی بەکاربهێنێتەوە. دەڵی کوردەکان لەم دۆخە سەخت و دژوارە بوون، ئاوارەی سەرسنور، برسی بێ ئازووقە، سەرما و سۆڵە... کەچی دەڵێ کە ئێمەیان بینی شاگەشکە بوون و هەموو ئازاری خۆیان لەبیرچوویەوە، هەموویان بە ژن و منداڵ و گەنج دەهاتن دەیان گوت (هەڵەو مستەر)! بەردەوام بۆ چایە خواردنەوە داوەت و بانگهێشتیان دەکردین لە کاتێکدا نە ئێمە کوردیمان دەزانی نە ئەوان ئینگلیزیان دەزانی، نە لە ماڵ و حاڵی خۆیان بوو.[4]

بە هەمان شێوە، ئەو ڕەفتارەی کوردەکان لەم بارودۆخە سەخت و ناهەموارەیان، کە بەبینینی بێگانەیەک هەموو ئازارێکیان بیربچێتەوە و شاگەشکە ببن. ئینجا بەردەوام داوای میوانداری و چایە خواردنەوەی لێ بکەیت، لە کاتێکدا لە ماڵی خۆت نیت، خۆت ئاوارە و دەربەدەری. گەر لە ماڵ و حاڵی خۆیان بوان هێشتا ئاسایی بوو کە بە میوانداری هەژمار بکرێت، بەڵام لە دۆخێکی ئاوا دەبێتە جۆرێک لە شاگەشکەیی و خۆبەکەمزانین و بێگانەسەرسامی.

مەیجەر نوئێڵ، لە گەشتنامە و یاداشتەکانیدا، کاتێک باسی سەردانی خۆی دەکات بۆ لای یەعقوب پاشا کە سەرۆک خێڵێکی عەشرەتی (ئاتەمیە) لە باکووری کوردستان، باس جیاوازیەکی زۆر دەکات لە نێوان کورد و تورکەکان لە بارەی میوانداریەوە. زۆر بە سەرسوڕمانیەوە باس لە میوانداری کوردەکان دەکات، دەڵێ کاتێک بەڕێکەوتین بۆ ناوچەکەی یەعقوب پاشا، یەعقوب پاشا بەخۆی شەست سواری بە تەقە و دەف لێدان و شمشاڵەوە هەتا نیوەی ڕێگا هاتبووە پێشوازیمان، کە نزیکەی ١٠ کیلۆمەتری بڕیبوو. ئینجا خواردنێکی ئێجگار گەورەی سازکردبوو، زیاتر لە ١٠ جۆر خواردن بوو،

---

[1] ڕۆبێرت ڵ. برێنمان ، بەهێز مینا چیاکان، وەرگێرانی: عەبدوڵا عەبدوڵا، چاپخانەی مێخەک،٢٠٢٢، ل ٢١٩
[2] گەشتنامەی ڕیچ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤-٩٥.
[3] ڕیچ، هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٩.
[4] برێنمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤

پاشان دوای نانخواردن ئاهەنگ و هەڵپەرکێیان سازکردوو و دەستیان کرد بە شایی لەبەردەممان، پاشان چەندین یاری جۆراوجۆریان لەبەردەممان کرد، ئەمەش لە پێناو دڵخۆشکردن و سەرنجڕاکێشانی میوان.[1]

لێرەدا یەعقوب پاشا دەیتوانی چاوەڕێی بکات لە ماڵەکەی خۆیدا، پێشوازیەکی باشی بکات، یاخود چونکە ئەوکات وا باوبووە چەند کەسێکی بە نوێنەرایەتی خۆی ناردبوایە تا بە پیری ڕێگەیەوە هاتبان، بەبێ ئەوەی خۆی و شەست سوار ڕۆژە ڕێیەک بە دەف و شمشاڵ و هەرا و زەناوە بە پێشوازیان بچن. ئەمە جگە لە سازدانی هەڵپەڕکێ و یاری جۆراوجۆر لەبەردەمیان تا سەرنجیان ڕابکێشن و دڵخۆشیان بکەن.

هەروەها دەڵێ داوام لە یەعقوب پاشا کرد کە خەڵکەکە کۆبکاتەوە وێنەیەک بۆ یادگاری بگرین، دەڵێ یەعقوب پاشاش گووتی حەزدەکەی ژنەکانیش بێن لە وێنەکە دەربچن، دەڵێ منیش گوتم گەر لای ئێوە نەنگی نەبێ بۆ نا، زۆریش حەزدەکەم. گووتی بۆچی عەیبە، ئافرەتانی ئێمە وەکو هی تورکەکان نین. ئینجا لەولاوەش پیرەمێردێك گووتی ئافرەتانی تورک چارشێو و پەچە دەپۆشن و ڕوخساریان دەشارنەوە، بەڵام ئافرەتانی ئێمە وانین.[2]

لێرەدا دەکرا بەبێ پرسیارکردن و بەراووردکردنی ئافرەتانی کورد و تورک بانگی ئافرەتەکانی کردبوایە بۆ وێنەگرتن، بەڵام ویستوویانە بڵێن ئێمە وەکو تورکەکان نین، ئافرەتانی ئێمە ئازادن وەکو ئافرەتانی ئێوەی ئەوروپی. ئێمە لێکچوونمان لەگەڵ ئێوە زۆرە و دەتوانین بە ئاسانی لەگەڵ نەریت و شێوازی ژیانی ئێوە بگونجێین و ببینە دۆستی ئێوە، سەرنجی و خۆشەیستیان بە دەستبهێنن. جگە لەمر چەند نموونەی سەرەوە گەر گەشتنامەی ئەو گەریدە و ڕۆژهەڵاتناسە ڕۆژئاواییانە بخوێنینەوە چەندان نموونەی دیکەی هاوشیوەی ئەمانەی تێدایە، کە لە دەتوانین بڵێین میواندۆستی دەرچووە، بووەتە جۆرێک لە خۆبەکەمزانین و شاگەشکەیی و بێگانەسەرسامی.

### ٢-٢ خۆبەکەمزانین و سازش

خۆبەکەمزانین ڕەگ و سەرچاوەی زۆرێک لە کێشە و ئاریشە سیاسیەکانی کوردانە، وەک پەرتەوازەیی و ڕێکنەکەوتن و ناپاکی و خۆدانەپاڵ دووژمن و ...تد. برێنمان دەڵێ '' تەنها کوردان نین بێڕێزی بەیەکدی بکەن و بەرامبەر بێگانەکانیش بەڕێزبن، ئەمر ئەدگارە لە زۆر کەلتووردا، بەتایبەتی ئەوانەی بندەستی خەڵکانی دیکەن هەیە. داگیرکەران ڕەوشتی بێڕێزیکردن دەگوازنەوە بۆ بندەستەکان، ئەوانیش لای خۆیانەوە بێڕێزی بە هاوخوێنانی خۆیان دەکەن و هەمان خوی داگیرکەران وەردەگرن.''[3]

دیارە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی هەستی خۆبەکەمزانین لەلای کوردان، داگیرکراویە بۆ ماوەیەکی زۆر، داگیرکاریەکەش مەرج نیە هەر ڕاستەوخۆ بێت، واتە دووژمن و گەلانی دیکە ڕاستەخۆ حکومیان کردبن، بەڵکو لە خۆبەڕێوەبەری ناوچەیی لە زۆربەی سەردەمەکاندا سەربەخۆبوون بەڵام لەژێر سایەی دەوڵەتێکبوونە، هەمیشە دەوڵەتێک هەبووە لەسەروویانەوە باج و خەراجی لێسەندوون و داوای سەربازی لێکردوون و لە ووتاری هەینیدا ناوی سوڵتان و خەلیفەکانیان هێناوە وەک ئاماژەی ژێردەستەیی، دەسەڵاتدارە کوردەکانیش پێبەندی و دڵبەندی خۆیان بۆ ئەو دەوڵەتە سەردەستە دووپاتکردۆتەوە.

ئەمر ژێر دەستەییەش هەستی خۆبەکەمزانینی بۆ دروستکردوون بەرامبەر بێگانە، لە هەمانکاتدا بەرامبەر بەیەکتریش لووت بەرزبوونە. ئەمر ئاکارەش بەدرێژایی مێژوو کاریگەری کردۆتە سەر ئەقڵیەت و ڕەفتاری سیاسیان.

---

[1] نوئێل، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

[2] نوئێل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠

[3] برێنمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤

وایکردووە کە بەرامبەر دووژمن زۆر سازشکەربن بەرامبەر هاونەتەوەکەشیان لووت بەرز و کەلـلەڕەق، ئامادەن سازش بۆ بێگانە و دووژمن بکەن تەنها بۆ ئەوەی قسەیان سەربکەوێتە سەر قسەی هاونەتەوەکەیان و بەسەریدا زاڵبن.

لە مێژووی سیاسی کورددا نموونە زۆرە بۆ ئەمە، دەبینین لە دوای ڕێککەوتننامەی میرە کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی شازدەیەم لە ڕێگەی مەلا ئیدریسی بەدلیسی، سوڵتان سەلیم چاوەڕێ دەکات میرە کوردەکان لەنێوان خۆیان میری میران هەڵبژێرن بەڵام میرە کوردەکان بەهۆی ناکۆکی و ناتەبایی و مل بۆیەکتر نەنواندنیان، ڕێکناکەون لە نێوان خۆیان لەسەر میری میران. مەلا ئیدریسی بەدلیسیش خۆی کوردە و باش کوردان دەناسێ، پێشنیاز دەکات بۆ سوڵتان سەلیم کە خۆی لە تورکە عوسمانیەکان میری میرانیان بۆ دابنێ، کوردەکان ناتوانن کەسێک هەڵبژێرن بەهۆی ناتەبایی و سازشنەکردنیان بۆ یەکتری. سوڵتانیش بەمە قایل دەبێت و (محەمەد ئاغای باش چاوشی) ناسراو بە (بەبیقڵی محەمەد ئاغا) دەکاتە میری میرانی وویلایەتی دیاربەکر و فەرماندەی گشتی سوپای ئەو وویلایەتە.[1]

میرە کوردەکان لەوکاتدا  چونکە یەکتریان لەلا بەڕێز نەبووە، بە سوکایەتیان زانیوە بۆ سەر خۆیان کە یەکێک لەخۆیان ببێتە گەورەیان، بەڵام کاتێک سوڵتان تورکێک دەنێرێ بە سوکایەتی نازانن، ئەمەش لەبەرئەوەی ژێردەستە هەمیشە خۆی بەکەمزانیوە لە ئاست داگیرکارەکەی، بۆیە میرەکان لەوکاتدا بە کۆمەڵ چوونەتە پاڵ شای ئێران و سوڵتانی عوسمانی بەڵام بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە لە خۆیان کەسێک بکەنە گەورەی خۆیان وەک هێزی سێیەم.

نزیکترین نموونە، ململانێکانی پارتی و یەکێتیە لە پێکهێنانی پۆستەکانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ و کەرکووک. لە موسڵ یەکێتی لەگەڵ ڕەیان کلدانی سەرۆکی لیستی بابیلۆنی مەسیحی و حەشدی شەعبی و عەرەبی سوننە ڕێکەوتنی کرد بۆ شکاندنی پارتی، بە دەستکەوتێکی کەمتر بۆ کورد، بەبەراوورد بەوەی ئەگەر یەکێتی و پارتی بەیەکەوە ڕێککەوتبان. پاشان لەکەرکووک لەسەر پۆستی پارێزگار و پۆستەکانی دیکەی پارێزگاکە سەرەتا دوو بەرە دروست ببوو، بەرەیەک پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرەی تورکمانی و بەشێک لە پێکهاتەی عەرەب (ئەندامانی هاوپەیمانی عەرەبی)، بەرەکەیتر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەشێک لە پێکهاتەی عەرەب (هاوپەیمانی قیادە و هاوپەیمانە عروبە) و کۆتای مەسیحی سەر بە فراکسیۆنی بابیلۆن. پارتی سەرەتا لەگەڵ بەرەی تورکمانی و بەشێک لە عەرەبی سوننە ڕێککەوت بەبێ یەکێتی لەپێناو شکاندنی یەکێتی(لە کاتێکدا بەرەی تورکمانی و عەرەبی سوننە لە ماوەی ڕابردوودا دوو دووژمنی سەرسەختی کوردبوون)، بەشێوەیەک پۆستی پارێزگاری کەرکووک بەشێوەیەکی خولی دەبێت لەلای هەرسێ پێکهاتەکە، پارتی پیداگیری دەکرد کە شەش مانگی یەکەم بۆ کورد بێت.[2]

دواتر بەهەمان شێوەی پارتی، یەکێتیش لە پێناو شکاندنی پارتی لەگەڵ بەشێک لە عەرەبی سوننە و کۆتای مەسیحی سەر بە فراکسیۆنی بابیلۆنی ڕەیان کلدانی ڕێککەوت بە دونیایەک سازشکردنەوە(لەکاتێکدا ئەمانیش دوو دووژمنی سەرسەختی کوردبوون)، تەنها بۆ ئەوەی بەسەر پارتیدا سەربکەوێ. یەکێتی لەپێناو دوو ساڵی یەکەمی وەرگرتنی پۆستی پارێزگار، هەرچی پۆستی گرنگی و هەستیاری شارەکەیە دایە عەرەبەکان وەکو ( فەرماندەی پۆلیس کە پاراستنی ئاسایشی تەواوی شارەکەی لە ژێردەستە، فەرماندەی ئۆپەڕاسیۆنەکانی کەرکوک، پۆستی هەواڵگری کەرکووک، پۆستی دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی کەرکووک، پۆستی ڕەگەزنامە و باری کەسی...تد). [3]

---

[1] شەمسی محەمەد ئیسکەندەر، مێژووی کورد لەسەدەی ١٦هەمدا، وەرگێرانی: شوکر مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر، ل ٧٢

[2] Mohanad faris, competition over kirkuk: between internal conflicts and regnal revaliries, Fikra forum, 30/8/2024, Competition over Kirkuk: Between Internal Conflicts and Regional Rivalries | The Washington Institute

[3] زانا ناتق کەریم، بەبێ پارتی، تورکمان و بەشێک لە پێکهاتەی عەرەب پۆستی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک یەکلایی کرانەوە، ئاژانسی ئەنادۆڵو ، ٢٠٢٤/٨/١١

https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AC%D9%8A%D9%87%D8%A7%D9%86/%D8%A8%DB%95%D8%A8%D

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

یەکێتی و پارتی ئامادەبوون سازش بۆ تورکمان و عەرەبە فاشیستە دژە کوردەکان بکەن وەکو ئەرشەد ساڵحی و ڕاکان جبوری کە بە ئاشکرا سیاسەتی ڕەگەزپەرستی دژە کوردیان پەیڕەوکردبوو، بەڵام ئامادەنەبوون لەگەڵ یەکتردا ڕێکبکەون و سازش بۆ یەکتر بکەن، لەکاتێکدا یەکێتی و پارتی جگە لە هاوخوێنی و هاونەتەوەیی، مێژوویەکی هاوبەشی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و ساڵانێک لە هاوبەشی حکومڕانی هەرێمی کوردستان و چەندان خاڵی هاوبەشیان هەبووە بۆ لێکزیکبوونەوە، بە پێچەوانەوە لەگەڵ لایەنی تورکمان و سوننەی عەرەبی نەک خاڵی هاوبەش بگرە مێژوویەک لە ململانێی نەتەوەییان هەبووە، بەتایبەتی لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر ناکۆکی و دژایەتیان بەرامبەر بە کورد لە کەرکووک گەیشتبوە لوتکە، کەچی سازشیان بۆ بێگانە و دووژمنی نەتەوەیی کرد، بەڵام لەگەڵ یەکتر نەیانکرد. ئەمەش دەرخەری ئەو هەستە خۆبەکەمزانینەیە کە بە درێژایی مێژوو بەرۆکی ئەقڵیەتی سیاسی کوردی گرتووە.

### ٣-٢ کورد، وەک بەرگریکار وەک نزمەفڕ

کە مێژووی کورد دەخوێنینەوە دەبینین کە کوردان بەدرێژایی مێژوو هەمیشە بەرگریکاربوونە و لە دۆخی بەرگریدا سیاسەتیان کردووە نەک هێرشبەر و داگیرکار، بە پێچەوانەی نەتەوەکانی دەوروبەری وەک تورک و عەرەب و فارس. ئەم ئەقڵیەتە بەرگری و خۆپارێزیە نزمە فڕیە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، لە ئێستاشدا هەر لە دۆخی بەرگری بیردەکاتەوە و دەیەوێ ئەم چوارچێوەیە بپارێزێ کە تیایەتی، بەڵام تورک و عەرەب و فارس چونکە لە کۆندا هەر هێرشبەر و داگیرکاربووینە، لە ئێستاشدا سەرەڕای بوونی دەوڵەتەکانیان لە چوارچێوەیەکی فراوان بەڵام هەر خەریکی پەلهاوێژی و هەژموون و فراوانکردنی قەلەمڕەوی خۆیانن، ئەمەش چونکە پەلهاوێژی و فراوانخوازی بووەتە بەشیک لە ئەقڵیەتیان.

ئەم ئەقڵیەتە بەرگریە و نزمەفڕیە لە ڕیشەیەکی مێژووی زۆر کۆنی کوردەکانەوە هاتووە. کوردەکان هەر لە کۆنەوە خۆیان لە چیاکان گۆشەگیر کردبوو، نە دەهاتنەوە خوارەوە زەویە تەختاییەکان داگیربکەن، بیریان لە فراوانخوازی نەدەکردەوە، چیاکانیان جێ نەدەهێشت. ئەمەش لە شێواز و تەکنیکی شەڕ و جۆری چەکەکانیان بەجوانی دەردەکەوێت، کاتێک (زینۆفۆن) لەکاتی گەڕانەوەی بە خۆی و سوپا زۆرەکەی بە ناوچە چیاییەکانی کوردەکان تێدەپەڕن، تووشی کاردۆخیەکان دەبنەوە. (زینۆفۆن) لە باسکردن و پێناسەکردنی کوردە کاردۆخیەکان دەڵێ لە چیاکان نە دەهاتنەوە خوارەوە، لەیەکتریش دانەدەبڕان، هەر کۆمەڵ کۆمەڵ ئاگریان دەکردەوە تا ئاماژە بۆ یەکتر بکەن، لە زیاتر بەهێرشی پارتیزانی

---

B%8E-%D9%BE%D8%A7%D8%B1%D8%AA%DB%8C-%D8%AA%D9%88%D8%B1%DA%A9%D9%85%D8%A7%D9%86-%D9%88-%D8%A8%DB%95%D8%B4%DB%8E%DA%A9-%D9%84%DB%95-%D9%BE%DB%8E%DA%A9%DA%BE%D8%A7%D8%AA%DB%95%DB%8C-%D8%B9%DB%95%D8%B1%DB%95%D8%A8-%D9%BE%DB%86%D8%B3%D8%AA%DB%8C-%D9%BE%D8%A7%D8%B1%DB%8E%D8%B2%DA%AF%D8%A7%D8%B1-%D9%88-%D8%B3%DB%95%D8%B1%DB%86%DA%A9%DB%8C-%D8%A6%DB%95%D9%86%D8%AC%D9%88%D9%88%D9%85%DB%95%D9%86%DB%8C-%D9%BE%D8%A7%D8%B1%DB%8E%D8%B2%DA%AF%D8%A7%DB%8C-%DA%A9%DB%95%D8%B1%DA%A9%D9%88%D9%88%DA%A9-%DB%8C%DB%95%DA%A9%D9%84%D8%A7%DB%8C%DB%8C-%DA%A9%D8%B1%D8%A7%D9%86%DB%95%D9%88%DB%95/3300860

ڕووبەڕووی دوژمن دەبوونەوە، شەڕی ڕووبەڕوویان نەدەکرد، لەناکاویش هێرش و هەڵمەتیان دەهێنا، چەکەکانیشیان بریتیبوو لە تیر و کەوان، بەردەقانی(قوچەقانی)، گلۆرکردنەوەی گاشەبەرد.[1]

ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین کە تەکنیکی شەڕ و جۆری چەکاکانیان تەواو بەرگریکارانە بووە. لە پێشەوە هێرشیان هێناوە لە ناکاو، واتە لە ڕێگەی شەڕی پارتیزانیەوە ڕێگریان لە بێگانەو و دووژمنان کردووە، کە ویستوویانە بەناو خاکەکەیاندا تێپەڕن، هەروەها جۆری چەکەکانیشیان کە تیروکەوان و بەردەقانی و گلۆرکردنەوەی تاشەبەرد، چەکێکی تەواو چیایی و بەرگریکارانە بووە، لەسەر چیاکانەوە تیریان هاوێژتووە بۆ دووژمن و بەردیان تێگرتوون، ئەمەش لە پێناو نارەحەتکردن و زیانگەیاندن بە دووژمن، تاوەکو خێرا ناوچەکەیان جێبهێڵن. شمشێر کە چەکی جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕەپان و فراوانخوازیە نەیان بووە، هەروەها هیچ جۆرە چەکێکی دیکەی پێشکەوتوویان نەبووە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە کوردەکان لەوکات تەواو بەسەرخۆدا داخراوبون و پەیوەستبوونە بە چیاکانەوە، بەرزەفڕیان زۆر نزم بووە، بەو ژیانە سادەیەی چیاکان تەواو ڕەزامەندبوونە و بیریان لە فراوانخوازی و پێشکەوتن و دەستکەوت و خەونی گەورە نەکردۆتەوە.

سۆن بەهەمان شێوە پێ دادەگرێ لەسەر ئەقڵیەتی بەرگریکارانەی کورد، دەڵێ چەکەکانیان چیاییە و هەمیشە لە بەرگریدانە.[2] دیارە ئەم جۆرە ئەقڵیەتە بەرگریکاری و خۆپاریزی و نزمەفڕیە ڕەگی داکوتاوە لە کۆئەقڵیەتی کوردان، بۆیە کاتێک سەیری مێژووی سیاسی کوردان دەکەین، دەبینین گەشەی دەمارگیری نەتەوەییان زیاتر کاردانەوە بووە و زادەی دۆخی بەرگریکاری و خۆپارێزی بووە، کوردەکان لەسەدەی چوارەم بۆ شەشەمی زایینی وەک ئێتنیکێکی سەربەخۆ و جیاواز پێکهاتبوون، بەڵام دەمارگیری نەتەوەیی و سەربەخۆخوازی نەتەوەییان دەگەشێتەوە هاوکات لەگەڵ داگیرکاری عەرەبە ئیسلامیەکان کاتێک لە ناوەڕاستی سەدەی حەفتەم هێرش و داگیرکاری دەستپێدەکەن بۆ سەر خاکی کوردستان، واتە گەشەی دەمارگیری نەتەوەیی کوردەکان هاوکاتی داگیرکاری عەرەبەکان بۆ سەریان سەرهەڵدەدات. پاشانیش بەدرێژایی سەردەمی خەلافەتەکانی ئیسلامی عەرەبی، کوردەکان بە نیمچە سەربەخۆیی ڕازیبوونە و باجیان بە خەلافەت داوە و لە ووتاری هەینی ناوی خەلیفەیان هێناوە، بەڵام داگیرکاری ڕاستەوخۆیان هەمیشە رەتکردۆتەوە، کەوایە کوردان ئەوەندە نزمەفڕ بووینە بە نیمچە سەربەخۆییەک لەژێر دەسەڵاتی خەلافەت و دەوڵەتەکان هیچ کێشەیەکیان نەبووە، بەڵام کاتێک ئەو دەوڵەتانە زۆرتریان بۆ هێناون و داوای ملکەچی و باجی زیاتریان لێکردوون، ئینجا کوردانیش بەرهەڵستیان کردوون و لە دژیان ڕاپەڕیون.[3]

هەر لە سەدەی شازدەهەمە وە تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم، دەسەڵاتداریەتی کوردەکان چ لە شێوەی هۆز و عەشیرەتبن، چ لە شێوەی میرنشین بووبن، تەواو ڕەزامەندبوونە بەو ناوچە سنوردارەی کە لەژێر دەسەڵاتیان دابووە. وەک (شەرەفخان) لە (شەرەفنامەدا) دەنووسێت کوردەکان ئەگەر هێرشیان کرابوایە سەر ئەوا بەرگریان دەکرد و خۆیان لە دووژمن دەپاراست، ئەگینا هیچ کاریان بە ئەوانی دیکە نەبووە و وازیانلێهێناون.[4] نەک هەر بیریان لەوە نەدەکردەوە کە وەکو عوسمانیە تورکەکان و ئێرانیەکان دەوڵەت و ئیمپڕاتۆریەتی خۆیان بونیادبنێن، بەڵکو خواخوایان بووە ئەم دوو دەوڵەتە لێیان ڕازیبن و زۆریان بۆ نەهێنن، هەمیشە لە بیرکردنەوەی ئەوەدا بوونە کە ئایا کامەیان هەڵبژێرن، لەژێر دەسەڵاتی کامەیان کەمێک سەربەخۆیی زیاتر و کەمێک باجی کەمتریان لێ دەسێندرێت.

[1] زینەفۆن، گەشتەکەی زینەفۆن، وەرگێرانی: محمد مسعود محمد، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر، ٢٠١٢، ل ١١٠-١١٦.

[2] سۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣٥

[3] میخایل سیمۆنۆڤیچ لازەریف، لازەریف و لێکۆڵینەوەی کوردستان، وەرگێرانی: مەنسوور سدقی، چاپەمەنی مانگ، ٢٠٢٢، ل ٥٠-٥١

[4] شەرەفخانی بەدلیسی ، شەرەفنامە، وەرگێرانی: هەژار، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦، ل ٢٧

کاپتن هێی لەم بارەیەوە دەڵێ کوردان گوێڕایەڵی هەر دەوڵەت و حکومەتێکی ناوچەکە دەبن، تەنها ئەگەر لە دەسەڵاتێکی هێمایی زیاتریان بەسەردا نەسەپێنێ، واتە هەر کات دەسەڵاتێکی ناوچەیی نیمچە سەربەخۆیان هەبێت لەژێر سایەی نەتەوەیەکیتریشبن کێشەیان نیە.[1] بۆیە دەبینین کاتێک سوڵتان سەلیمی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی شازدەیەم بڕێک سەربەخۆیی بە میرەکوردەکان دەدات و مامەڵەیەکی باشتر و نەرمتریان لەگەڵ دەکات بەراوورد بە شای ئێران، هەموویان لە شای ئێران هەڵدەگەڕێنەوە و بە دڵ و بەگیان لە شەڕەکانی عوسمانیەکان بەشداردەبن و دەجەنگن دژی شای ئێران. لە زۆربەی شەڕەکانی فراوانخوازی عوسمانیەکان ڕۆڵەی کوردان لە ڕیزی پێشەوە دەجەنگان و قوربانیەکان زیاتر ڕۆڵەی کوردان بووە. پێش ئەوەی هۆز و تیرە کوردەکان بدەنە پاڵ عوسمانیەکان، بەهەمان شێوە پێشتر بۆ شای ئێران شەڕیان دەکرد لە نەبوونی ئامانجێکی باڵای نەتەوەیی، ئەمەش دەرخەری نزمی ئاستی بەرزەفڕی و ئەقڵیەتی بەرگریە کە بەرامبەرە بە بەرزەفڕی و فراوانخوازی گەشەسەندن.[2]

ئەمەش وەنەبێ دۆخێکی ناچارانە بێت، بەو مانایەی کوردان لە نێوان دوو بەرداشی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی دابن خۆیان بدەنە پاڵ یەکێکیان، بەڵکو ئەمە ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە و پەیوەستە بە ئەقڵیەتی نزمەفڕی و ساویلکەیی و خۆبەکەمزانی و بێ پلانی و ئامانجدار نەبوونی کوردان، چونکە پێشتریش لەسەردەمی ساسانیەکاندا، دەوڵەتی ساسانی خێڵە کوردەکانیان بەکاردەهێنا وەکو پاسەوانی سنور دژی هێرشی هۆزە تورکەکان، ڕۆمە بێزەنتییەکانیش بەهەمان شێوە هەمان سیاسەتیان پەیڕەو دەکرد و کوردیان بەکاردەهێنا لە شەڕەکانی خۆیاندا.[3]

ئەم جۆرە ئەقڵیەتەش ڕووداو دروستناکات، بەڵکو هەمیشە چاوەڕێی ڕوودانی ڕووداوەکانە تاوەکو خۆی لەگەڵی بگونجێنێت. بەمانایەکیتر هەرگیز ڕۆڵی هێزێکی کاریگەر ناگێرێت کە بتوانێ کاریگەری لەسەر ئەوانیتر دروست بکات و حسابی بۆ بکرێت، بەڵکو هەمیشە کارتێکراوە و دوای ڕووداوەکان دەکەوێت. هێزەکانی دەوروبەری لەسەر بنەمای کارکردنێکی پلاندارێژراو و ستراتیژی ڕووداو دروست دەکەن، ئینجا کوردان بە ئاگادێنەوە و کردە دەنوێنن.

گەر بەدوای ئەوەدا بچین کە خواست و داوای کورد بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ لە سەرەتای سەدەی بیستەم کە چۆن سەریهەڵداوە. ئەوا دەبینین لە ئەنجامی بیرکردنەوەی قوڵ و گەڕانەوە بۆ خۆ نەبووە بە مانا فەلسەفیەکەی واتە لە ئەنجامی بە ئاگا هاتنەوەی نەتەوەیەک نەبووە لە خودی خۆیدا وەک یەکەیەکی سیاسی، بەڵکو زیاتر پەرچەکرداری ناشیونالیزمی مۆدێرنی تورکی و ئەرمەنی بووە. هەروەها ئەرمەنیەکانیش کە دەمێک بوو هاوکاتی تورکە نەتەوەپەرستەکان کاریان دەکرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی و پشتیگری دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوروپاشیان بە دەستهێنابوو، بەڵێنیشیان پیدرابوو لەلایەن هاوپەیمانە ئەوروپییەکان بۆ ئەو مەبەستە، بۆیە هیوای خۆیان نەشاردەوە و بە ئاشکرا سنور و نەخشەی دەوڵەتی بەڵێن پێدراوی خۆیان دەربڕی کە هەر شەش ویلایەتی ئەنادۆڵ دەگرێتەوە کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن وەک ئەرزەڕووم، خەربوت، مەعمووری، دیاربەکر، بەدلیس، وان. ئەمەش هۆکارێکیتر بوو کە بووە هۆی بە ئاگاهاتنەوەی کوردان و جولاندنی هەستی نەتەوایەتیان و خەباتکردن بۆ سەربەخۆیی، چونکە ترسان بکەونە ناو دەوڵەتێکی مەسیحی.[4] سافراستان-یش دەڵێ گومان لەوەدا نیە کە چالاکییە شۆڕشگێڕی و یاخیبوونەکانی ئەرمەنەکان لە هەشتاکانی سەدەی

---

[1] دەبلیو. ئار. هی ، دووساڵ لە کوردستان ، وەرگێرانی: لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١٦، ل ٤٠

[2] شەمسی محەمەد ئیسکندەر ، مێژووی کورد لە سەدەی ١٦ هەم، وەرگێرانی: شوکر مستەفا، وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر، ١٩٩٨، ل ٢٦-٩٤.

[3] ئارشاک سافراستان، کورد و کوردستان، چاپی دووەم، وەرگێرانی:ئەمین شوان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٤٤

[4] بەدرخان سندی، کۆمەڵگەی کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵات ناسیدا، وەرگێرانی: ئیسماعیل ئیبراهیم، چاپخانەی خانی – دهۆک، ٢٠٠٨ ، ل ٢٥٦

نۆزدەهەم، پاڵنەر و هۆکارێکی کاریگەربوو بۆ سەرکردە شۆڕشگێڕە کوردەکان دژی دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم.[1]

قەدری بەگ کە کوردێکی نەتەوەپەروەربووە، لە ئەستەمبۆڵ خوێندبووی، لە ساڵی ١٩١٤ دەچێتە ڕیزی سوپا، ئەو تیپەی کە ئەو بۆی دەچێ زۆربەی ئەفسەرەکانی کورد دەبن، زۆر هەوڵدەدات هەستی نەتەوایەتی ئەو ئەفسەرە کوردانە بزوێنێ بەڵام بێ ئاکام دەبێ، چونکە دژایەتیەک نەبووە تاوەکو کاردانەوەیان بۆی هەبێ، بە پێچەوانەوە تورکەکان نەرمونیان بوون لە پێناو فریودانی کورد.[2] دوای تەواوبوونی یەکەمین جەنگی جیهانی کوردەکان ئەوەندە نزمەفڕبوونە سەرەڕای بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە پەیمانی سیڤەر بەڵام بە بەڵێنی سەربەخۆییەکی ڕێژەیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا فریو دەخۆن، چونکە وەک نەتەوەیەکی ژێردەستە و سوکایەتی پێکراو زۆر شاگەشکەی برایەتی نەتەوەی باڵادەست و داگیرکار بووینە، بەڵام دوای ئەوەی مستەفا کەمال ئەتاتورک هەڵدەستێ بە قەڵاچۆکردنی هەرچی تایبەتمەندی نەتەوەیی کوردە، ئەوا کوردەکانیش پەرچەکردار و کاردانەوەیان دەبێت، شۆڕش دەکەن بۆ سەربەخۆیی، شۆڕشێک زادەی کاردانەوەی ستەم نەوەک ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی.

لە ئێستاشدا، کوردەکان زیاتر بە ئەقڵیەتێکی بەرگری و نزمەفڕیەوە سیاسەت دەکەن. سەت ساڵ بەر لە ئێستا کوردەکان بۆ سەربەخۆیی خەباتیان دەکرد، کەچی ئێستا ئاستی بەرزەفڕی و داواکاری و چاوەڕوانیەکانیان ئەوەندە نزم بۆتەوە، تەنها بە کەمێک مافی کەلتووری و نەتەوەیی ڕازین لە چواچێوەی دەوڵەتی داگیرکەر. سەرەڕای ئەوەی کە هەرسێ دەوڵەتی داگیرکار تورکیا، ئێران، عێراق سەرەڕای ناکۆکیەکانیان ڕێککەوتوون بۆ لاوازکردن و نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لەچەندین ڕێگەوە، وەک دژایەتییکردنی ڕیفراندۆم و ڕێککەوتنیان بۆ هێرشی سەربازی و داگیرکردنەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان، هەوڵدان بۆ کردنەوەی دەروازەی گومرگی نوێ ڕاستەوخۆ لەنێوان عێراق و تورکیا، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و چەندین سیاسەتی دیکەی دژ بە هەرێمی کوردستان، کەچی هێزە کوردییەکان بەتایبەتی هەردوو هێزی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان خۆیان سەرقاڵکردووە بە چەندین کێشە و ململانێی ناوەخۆیی، ئەم ناکۆکیە ناوەخۆییانەش وەک هەمیشە ڕێگە خۆشکەربووە بۆ دەستێوەردانی دەرەکیووڵاتانی داگیرکار.

سەرقاڵبوون بە کێشە و ململانێی ناوەخۆیی و پرسە ناوەخۆییە لاوەکیەکان لەسەر کەوڵی پرسە نیشتیمانیە باڵاکان و بێ دەربەستبوون لە هەمبەریدا، بەڵگەیەکی لۆژیکیە لەسەر ئەوەی لە ئەقڵیەتی ئەم هێزە کوردیانە ئامانجێکی باڵا و ستراتیژی نەتەوەیی نیە کە بەباوەڕەوە کاری بۆ بکەن، چونکە گەر ئامانجی باڵای نەتەوەییان هەبێت ئەوا کێشە و ململانێ لاوەکیە ناوەخۆییەکان بە لادەنێن و ڕێگەنادەن بگاتە ئاستێک کە زیان بە بەرژەوندی نەتەوەیی بگەێنێت لەهەمبەر نەیارانی نەتەوەیی. بە کورتی یەکانگیری و یەکگرتوویی نەتەوەیی دەرخەر و بەڵگەی ئەوەیە کە ئامانجی باڵای نەتەوەییان هەیە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ئەوەی گرنگە نیشاندەری ئەوەیە کە باوەڕی تەواویان بە هێنانەدی ئەو ئامانجە نەتەوەییە باڵایە هەیە کە بەدی بهێنن، بوونی باوەڕێکی ئاواش، لە هەستی بەرزەفڕی و متمانە بەخۆ و خودباڵاییەوە سەرهەڵدەدات، بەڵام کاتێک دەبینین کورد لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژوو و بە ئێستاشەوە بێ دەربەست و بێ باکە بەرامبەر یەکگرتووی و یەکانگری نەتەوەیی، ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە باوەڕی تەواویان بە هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییە باڵاکانیان نیە هەرچەندە بە دەم و زاریش بانگەشەی بۆ بکەن، ئەمەش لە هەستی نزمەفڕی و نزمی ئاستی چاوەڕوانی و خۆبەکەمزانین و ئەقڵیەتی بەرگریەوە سەریهەڵداوە.

ئەمە و چەندان نموونەیتر هەن پێمان دەڵێن کە کوردان هەمیشە لەدوای ڕووداوەکانن نەک دروستکەری ڕووداو، کارتێکراون نەک کارتێکەر، بەرگریکارن نەک هێرشبەر، بەسەرخۆداخراون نەک فراوانخواز، نزمەفڕن نەک بەرزەفڕ، بەکەمێک سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەری ڕازین چجای فراوانخوازی. لەمێژوودا زۆربەی کات شەڕیان بۆ

---

[1] سافراستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٠

[2] مارتن ڤان برۆنەسن، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی دووەم، ل ٢٦٣.

ئامانجەکانی دووژمن کردووە نەک ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیان. هۆکاری بنەڕەتی هەموو ئەمانەش ئەوەیە کە خۆبەکەمزانن لە ئاست نەتەوەکانی دیکە، چونکە خۆبەکەمزانی دەبێتە هۆی نزمەفڕی و نزمی ئاستی ئاوات و چاوەڕوانیەکان، کاتێک ئاستی ئاوات و چاوەڕوانیەکانیشت نزم بوو، ئەوا بە بەجدیش کار بۆ پرسە باڵاکان ناکەیت، متمانەت بەخۆت لاواز دەبێت، بەمەش هەمیشە چاوت لە هێزێکی دەرەکی دەبێت کە بێت ڕزگارت بکات و بتپارێزێ.

٤-٢ ناشیونالیزمی خێڵەکی: ئەقڵیەتی کوردان لەنێوان ویستی سەربەخۆیی و خەباتی سەربەخۆیی

خواستی ئازادی و سەربەستی گەلی کورد، پێناسی مێژوویی ئەو گەلەیە لەلایەن زۆرێک لە مێژووزانان و کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسان، بەجۆرێک زۆرێکیان مێژوویی کورد هاوواتایی خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەستی دەکەن. هەر ئەم گیانە ئازادیخواز و سەربەخۆخوازەشە کە نهێنی مانەوەی نەتەوەیی گەلی کوردە، کە نە بەداگیرکاری عەرەبەکان شوناسە نەتەوەکەییەکەی لە دەستدا، نە بەداگیرکاری تورکە سەلجوقیەکان و مەغۆلەکان و تورکە عوسمانی و سەفەویە ئێرانیەکان. لە کاتێکدا زۆرێک لە نەتەوەکان بوون و شوناسی خۆیان لە دەستدا، بەتایبەتی لە داگیرکاری عەرەبە مسوڵمانەکان وەکو قیبتیەکان کە دانیشتوانی ڕەسەنی میسرِی کۆنن، دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەی سوریا و لبنان و فەلەستین وەکو فینیقی و کەنعانیەکان کە زۆریان بوونە بەشێک لە کەلتووری عەرەبی، هەروەها بەربەریە ڕەسەنەکانی باکوری ئەفریقیا لە وڵاتانی مەغریب و تونس و جەزائیر و لیبیا. ئارامی و سریانەکانی عێراق...تد.

کاتێک مێژوویی کورد دەخوێنیتەوە، لەنیو بەرداشی ئەو هەموو دەوڵەت و ئیمپڕاتۆر و داگیرکاری و کۆمەڵکوژی و کەلتوور سەپاندنە، ئەوا دەبینی مانەوەی ئەو گەلە بەو شێوەیەی ئێستا پەڕجووئاسایە. هۆکاری ئەو مانەوەیەش فرەلایەنە. جگە لەلایەنی سەختی جوگرافی کە ئەگەر ئەم جوگرافیایە سەختەی کوردستان نەبوایە زۆر دەمێک بوو کوردەکان لەلایەن هۆزە بەربەریەکانەوە قڕ دەکران،[1] بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەو گیانە سەربەخۆخوازی و ئازادیخوازیە کە زادەی ڕەسەنایەتی شوێنی ئەو نەتەوەیە. هەر لەم سۆنگەیەوەیە، لازەریف سەراپای مێژووی کورد یەکسان دەکات بە مێژووی خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەستی و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی داگیرکار. لەم ڕوانگەیەوەشە کە لازەریف دەڵێ ناشیونالیزمی کورد زادەی ئەو هەست و گیانە پتەوەیە بۆ ئازادی و سەربەخۆییان، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکات کە سەرهەڵدانی ناشیونالیزمی کورد دەبێت سەربەخۆیانە توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت.[2]

لەگەڵ ئەوەشدا جێگەی پرسیار و سەرسوڕمانیشە کە کوردان بەدرێژایی مێژوو خاوەن ئەو هەستە پتەوەن بۆ سەربەخۆیی بەڵام زیاتر هەر ژێردەستە ئەو دەوڵەت و ئەو ئیمپڕاتۆرە بوون، بەدرێژایی ئەو مێژووە کە ڕووبەرووی ئەو دەوڵەتە داگیرکارانە بووینەوە بەڵام نابینین کوردان ڕێکخستن و خەباتێکی ڕزگاریخوازی یەکگرتوویان هەبێت لەسەر ئاستی کوردستان وەک جەستەیەکی نەتەوەیی سەرتاپاگیر، بەدرێژایی میژوو بە یەکگرتوویی ڕووبەرووی دوژمن نەبووینەوە. هەمیشە پارتیکولاریزم و ناوچەگەریەتی سیاسی کە زادەی ئەقڵیەتی خێڵەکی و دەرەبەگایەتیە بووەتە بەربەست لەبەردەم خەباتێکی یەکگرتوو بەرامبەر بە دووژمنەکانیان.

بەبروای لازەریف کێشەی ناشیونالیزم- نەتەوەگەرایی کوردی لە ئەقڵیەتی سیاسیە نەک وویستی سەربەخۆخوازی، کەمایەسیە لە بەرنامە و پلان و یەکانگیری سیاسی و ئامانجی باڵای نەتەوەیی و ڕێکخراوەیی و یەکگرتوویی سیاسی، نەک سۆز و جۆش و پەرۆشی بۆ ئازادیخوازی و دەنگ هەڵبڕین و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکارەکان.[3]

[1] کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، چاپی دووەم، وەرگێرانی: حەسەن ڕەستگار، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، بەرگی یەکەم، ٢٠١٨، ل ٣٣

[2] لازەریف، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٠-١١٠

[3] هەمان سەرچاوە، ل ١١٢

هەروەها دەڵێ '' ڕێبەران و چالاکانی کورد وەک پێشوو، لەسەر ئەو بڕوایەن کە پرسی کورد پرسێکی گشتگیری هەموو کوردە؛ و لایەنگری لە یەکگرتنەوەی کوردستان دەکەن، بەڵام بە کردەوە هەمیشە ڕوویان لە کرداری پارتیکولیاری* ( ناوچەگەریەتی) دەکەن''.[1]

هۆکاری خواست و ئارەزووی خودی ( زەینی – سەبژەکیڤ) بۆ یەکگرتن، هاوکات نەبوونی بارودۆخی بابەتی ( عەینی – ئۆبژەکتیڤ) بۆ بەرجەستەکردنی ئەو یەکگرتنە ئەوەیە کە بەدرێژایی مێژوو کوردستان بوونێکی جوگرافی- نەتەوەیی هەبووە، نەک بوونێکی سیاسی- نەتەوەیی. واتە ئەو کوردانەی بەدرێژایی چەندان سەدە لەسەر ئەم خاکە ژیاون تەنها ئەزموونی ئەوەیان بۆ پەیدابووە کە ئەم خاکە خاکی ڕەسەنی کوردانە و دەبێ هی ئەوان بێت، بەڵام هەرگیز ئەزموونی کیانێکی سیاسی یەکگرتوو و دەوڵەتداریەکی یەکگرتوویان نەکردووە کە یەکانگیری سیاسی و نەتەوەییان بۆ بەدیبهێنێت. بێگومان سەرەکیترین هۆکاری ئەوەش سروشتی شاخاوی سەخت و پچڕ پچڕی کوردستانە، کە بەرهەمهێنەری پارچە پارچەیی جوگرافی و فرەکەلتووریی و سیستەم و ئەقڵیەتی خێڵایەتیە.[2]

ئەم دووانە، ویست و گیانی سەربەخۆخوازی لەگەڵ نایەکگرتووی و خەباتی پارچەپارچە و ناوچەگەریەتی، هەمیشە ماکێکی تۆخ بووە بە ڕوخساری مێژووی سیاسی نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو. ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئارەزوو و ئامانجی کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو لە مێشکی زۆربەی تاکی کورد و هێزە کوردیەکاندا هەیە، بەڵام لەڕووی کرداریەوە هیچ هەنگاوێک نابینرێ، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو بەردەوام ناکۆکن و زۆرجار بوونەتە بەربەست لەبەردەمی خەباتی یەکدی و پارچەکەی دیکە، تەنانەت زۆر جار شەری پارچەکەی دیکەشیان کردووە.

لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ یەکەمجار هەوڵێکدرا لەلایەن هەموو هێز و لایەنە سیاسیە کوردییەکان لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە ئامانجی یەکڕیزی و یەکانگیری نەتەوەیی هەموو ئەو هێز و لایەنە سیاسیانە، لەپێناو دارشتنی ڕوانگەیەکی ستراتیژی هاوبەش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرفەت و ئاڵنگارییە نوێیەکان کە ڕووبەڕووی کورد دەبێتەوە، هاوکات دووبارەنەبوونەوەی شەڕی کورد و کورد ، هەماهەنگی و هاوکاری هێزە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، هەموو ئەمەش لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بوو، بەڵام دەبینین کۆنگرەیەکی وا گرنگ کە هیوا و خەونی هەموو کوردێک بوو، لەسەر بابەتێکی زۆر لاوەکی شکست دەهێنێت، ئەویش کاتێک پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ڕەزامەند نابێت بەوەی کە مەسعود بارزانی بەتەنها ببێتە سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، بەڵکو پێشنیاری سیستەمی هاوسەرۆکی دەکات، کە سیاسەتمەداری کورد لەیلا زانا هاوشانی مەسعود بارزانی ببێتە هاوسەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، سەرەنجام ئەم پرسە لاوەکیە دەبێتە هۆی لەباربردنی کۆنگرەی نەتەوەیی.[3]

دەبینین وەک هەمیشە پرسە لاوەکییەکان و ململانێ و ناکۆکی ناوخۆیی و سازش نەکردن بۆ یەکدی دەبێتە لەمپەر لەبەردەم یەکڕیزی کوردان. کەوایە، کێشەی کورد نەبوونی ویستی سەربەخۆخوازی نیە، کەم نەتەوە هەیە وەکو کوردان بەدرێژایی مێژوو خەباتی بۆ سەربەخۆیی و ڕەتکردنەوەی داگیرکاری کردبێت، بەڵکو کێشە لە ئەقڵیەتی سیاسی کوردانە، کە بارگاوییە بە تایبەتمەندیە خێڵەکیەکان، مل بۆ یەک کەچ ناکەن، سازش بۆیەکدی ناکەن، کەلـلەڕەقن، دەسەڵاتی

---

* (Particularism) ناوچەگەریەتی ، هەرچەندە ناوچەگەریەتی لەڕووی ووشەوە وەرگێڕانێکی پڕ بە پێست نیە، بەڵام وەکو چەمک و تێگە، دەکرێ پڕ بە پێستی مانای چەمکەکە بێت، چونکە پارتیکولیاریزم وەک چەمکێکی سیاسی بە مانای لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی حزب و گروپێکی دیاریکراو یان ناوچەیەیەکی دیاریکراو و تایبەت دێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی باڵا و گشتگیری نیشتیمانی.

[1] هەمان سەرچاوە، ل١١٣

[2] هەمان سەرچاوە، ل ١٣٢

[3] مەسعود بارزانی، بارزانی وبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی شەشەم (٢٠٠٣- ٢٠١٦) کوردستان و عێراقی نوێ، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، ٢٠٢٤، ل ٤٢٣

هاونەتەوەکەیان هەزم ناکەن، سەرۆکێک لە خۆیان پەسەند ناکەن، ئامادەن ئامانجە باڵا و نەتەوەییەکان بکەنە قوربانی کێشە و ناکۆکیە لاوەکییە ناوخۆییەکان تەنها بۆ ئەوەی قسە بچێتە سەر قسەی هاونەتەوەکەی، هەموو ئەمانەش لە هەستی خۆبەکەمزانیەوە دێت کە بە قوڵی ڕۆچووەتە نێو ئەقڵیەتی ئەم نەتەوەیە.

لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە نەتەوەگەرایی و ناشیونالیزمی کوردی ناوبنێین بە ناشیونالیزمی خێڵەکی، چونکە کوردان ویستی سەربەخۆییان هەیە و خەباتیشیان بۆی کردووە بەدرێژایی مێژوو، بەڵام خەباتێکی ناوچەگەری و پارچە پارچە و نایەکگرتوو کە زادەی ئەقڵیەتی خێڵەکیانە. ناشیونالیزم وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی مۆدێرن ئامانج لێی بەرهەمهێنانی هۆشیاری و دەمارگیری نەتەوەییە لە پێناو یەکانگیری نەتەوەیی، پاشان ئاراستەکردنی ئەو یەکانگیریە بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ و پاراستنی شکۆ و سەروەری نەتەوە. کوردان هەر لە دێر زەمانەوە هۆشیاریان هەبووە بەرامبەر بە بوونی خۆیان وەک کورد لەسەر خاک و جوگرافیای خۆیان، بەرگریشیان لەم دووانە کردووە؛ کورد و خاکەکەی واتە کورد و کوردستان، ئەمەیان ڕەگەزێکی گرنگی ناشیونالیزمە بە مانا کلاسیکی و نەریتیەکەی، بەڵام بە دەرە لە ڕەگەزێکی گرنگی ناشیونالیزمی مۆدێرن ئەویش یەکانگیریە، خەباتێکی هاوبەشی یەکگرتوویی سەرانسەری لە پێناو ئازادکردن و سەربەخۆیی کوردستان وەک گشتێکی یەکپارچە.

بەڵام ئەوەی لە ئەزموونی خەباتی کوردان دەبیندرێت، بە درێژایی مێژوو هەموو میرنشینەکان خەباتێکی ناوچەییان کردووە و تەنها تخوبی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیانیان بەلاوە پرس بووە، شێخەکانیش کە شۆڕش و ڕاپەڕینیان کردووە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم وەک شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و شێخ عەبدولسەلامی دووەم و شێخ مەحموود و شێخ ئەحمەدی بارزان، هەرچەندە داواکارییەکانیان نەتەوەیی بوون بەڵام ڕاپەڕینی ناوچەیی بوون، بۆ ئازادکردنی بەشێک لە خاکی کوردستان بووە واتە ناوچەکەی خۆیان، ئەمەش چونکە لە بنەڕەتدا بزووتنەوەیەکی هۆشیاری نەتەوەییان لە پشتەوە نەبووە کە لەسەر بنەمای پڕۆژەیەکی نەتەوەیی کوردستان وەک گشتێکی یەکپارچە بکاتە پرسی خۆی، سەرەڕای ئەوەش ڕاپەڕینەکانیان زیاتر کاردانەوە بووە بەرامبەر ستەم و زۆرداری و داگیرکار، کە ئەمەش دەرخەری نەبوونی پڕۆژەیەکی نەتەوەیی ڕوون و کێماسی و پێنەگەیشتووی ئەقڵیەتی سیاسیانە یاخود بڵێین زاڵبوونی ئەقڵیەتی خێڵەکیانە بەسەر بیرکردنەوەی سیاسی و پرسە نەتەوەییەکان، ئەم تێکەڵەییەش لە هەستی پتەوی نەتەوەیی و ئەقڵیەتی خێڵەکی بەرهەمهێنەری نەتەوەگەراییەکی خێڵەکیە.

پاشان ئەم ناشیونالیزمە خێڵەکی و ناوچەییە دەگوازرێتەوە بۆ نێو حزبە سیاسیەکانیش، دەکرێ بۆ میرنشینەکان و شێخەکان پاساوێک هەبێت بۆ ناشیونالیزمی خێڵەکیان بە هۆی ئەوەی کە کوڕی سەردەم و ژینگەکەی خۆیان بوونە و هۆشیاریان نەبووە لە هەمبەر ناشیونالیزمی مۆدێرن، زادە و هەڵقوڵاوی دەوروبەر بوونە نەک ناوەندی شار بەڵام حزبی سیاسی وەک دیاردەیەکی شاری و دەرکەوتەیەکی سەردەمی تازەگەری و مۆدێرنە، خاوەن بڵاوکراوە و ڕێکخستنی شاری و پێگەیاندنی ئەندامان و هۆشیارکردنەوەیان، تەنانەت ناونان وەک حزبێکی نەتەوەیی و کوردستانی، هیچ پاساوێکی نیە جگە لە ڕەگداکوتانی ئەقڵیەتی خێڵەکی و ڕەنگدانەوەی لە بیر و ڕەفتاری سیاسیان.

حزبە سیاسیە کوردییەکان حزبی سەرتاسەری نەتەوەیی نین نە لەڕووی گوتاری سیاسی و ئامانج و پڕۆژەوە نە لەڕووی خەباتی سیاسیان، بەڵکو حزبی ناوچەیین، تایبەتن بە یەکێک لە پارچەکانی کوردستان. ئەگەر بڵێن بەهۆی ئەوەیە کە کەوتوونەتە نێو چوار دەوڵەتی نەتەوەیی جیاواز بۆیە ناچارن کە خەباتێکی نایەکگرتوو بکەن و هەر کەس خەمی پارچەکەی خۆیەتی، ئەمە ڕاست نیە، چونکە کوردان بەدرێژایی مێژوو و پێش دەرکەوتنی دەوڵەت نەتەوەیی مۆدێرن و چوارپارچەکردنی خاکی کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی هەر بە نایەکگرتوو خەباتیان کردووە و ناوچەگەری خێڵەکی بەسەریاندا زاڵبووە واتە ڕەگێکی مێژوویی هەیە.

گەر حزبێکی سەرتاسەریش بوونی زەحمەت و ئەستەم بێت لەڕووی خەباتی سیاسی و تاکتیکی سیاسیەوە بەڵام دەکرێ ئەم حزبانە کە لە پارچە جیاجیاکان خەباتی نەتەوەیی دەکەن لانی کەم لەسەر بەرنامە و پڕۆژەیەکی ستراتیژی نەتەوەیی گشتگیر ڕێکبکەون کە خەبات و سیاسەتیان هەماهەنگ بکات و خاوەن ستراتیژیەتبن بۆ سوود وەرگرتن لە

گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بەڵام نەک هەر ئەوە نیە، بەڵکو ناکۆکی و دژبەریش لە نێوانیان هەیە و دژایەتی خەباتی یەکتریش دەکەن زۆرجار بە فیتی دووژمنی نەتەوەیی. پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ پەکەکە کێشە و ناکۆکی هەیە ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەمیان پەیوەندی لەگەڵ تورکیا باشە ئەمیان پەیوەندی لەگەڵ تورکیا خراپە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەهۆی پەیوەندی باشی لەگەڵ ئێران لەگەڵ حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێشەی هەیە، بە پێچەوانەوە پارتی کرێکارانی کوردستان بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندی باشی لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەیە، زۆرێک لە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش وەکو حزبی دیموکرات و ... پەیوەندی باشیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە بەهۆی ناکۆکیان لەگەڵ یەکێتی کە لە ئێرانەوە نزیکە. ئەمر دابەش بوونە لە ڕۆژئاوای کوردستانیش هەیە، ئەنەکەسە لە پارتی دیموکراتی نزیکە، هەسەدە و پەیەدەش لە پەکەکە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی ئەو حزب و لایەنە سیاسیە کوردیانە بەهۆی نەبوونی پرۆژە و ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی گشتگیر و زاڵبوونی ناشیونالیزمی خێڵەکی و ناوچەخوازی کاریگەرە بە پەیوەندی ئەو حزبە سیاسیانە بە وولاتانی داگیرکاری دەورووبەر.

هۆکارەکە نەبوونی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی نیە، خۆ ئێستا کوردان هۆشیارن و دەمارگیری نەتەوەییان هەیە، بەڵکو هۆکارەکە پاشماوە و ڕەگداکوتانی ئەقڵیەتی خێڵەکییە کە هەستی ناوچەگەرییەتیان زاڵ دەکات بەسەر جوگرافیای گشتی نەتەوەیی و دەیکاتە بەربەست لەبەردەم یەکانگیری نەتەوەییان. ئەقڵیەتی خێڵەکی هۆشیاری هەیە بەرامبەر بە جوگرافی گشتی کوردستان و حەزیشی بە ئازادبوونیەتی بەڵام ئەو پێی وایە ئەو تەنها بەرپرسیارە لە هەمبەر ئەو جوگرافیایە بچووک و خێڵەکییەی کە خۆی تێدا دەسەڵاتدارە، تەنها پاراستنی تخوبی دەسەڵاتەکەی ئەرکی ئەوە. بەگشتی هۆکاری نەبوونی یاخود سەرکەوتوونەبوونی ناشیونالیزمی کوردی لە کردەوەدا بریتیە لە هەستی خۆبەکەمزانینی خێڵەکی چونکە ئەمر هەستە خۆبەکەمزانینە خێڵەکیە ئاستی داواکارییەکانی زۆر نزمە، زۆر قایلە، بە سەربەخۆییەکی ڕێژەیی و ناوچەیی مەمنوون و شاگەشکەیە.

## ٥-٢ کورد و گرێی سەندرێلا *

زۆربەمان چیرۆکی سەندرێلا دەزانین، کچێکی شۆخ و شەنگە لە کۆشکێک دەژیت، دایک و زڕ خوشکەکانی زۆر لەگەڵی خراپن. ئەمیش چاوەڕێی سوارچاکێک دەکات وەک هێزێکی دەرەکی کە لە دەرەوەدا بێت و ڕزگارییکات لەو ژیانە ناخۆشەی کە تێیدایە و بیخاتە ژیانێکی خۆش. بە گوزارشتێکی دیکە سەندرێلا وەک کچێک پشت بەخۆی نابەستێت بۆ ڕزگارکردنی خۆی و ڕووبەڕووبونەوەی نەهامەتیەکانی ژیانی، بەڵکو چاوەڕێی هێزێک دەکات لە دەرەوەی خۆی تا ژیانی بگۆڕێت بەرەو باشتر.

گرێی سەندرێلا گرێی زۆربەی کچانە، ئەمر گرێیەش لە لاوازی و هەستی خۆبەکەمزانینەوە دێت. زۆربەی کچان بەتایبەتی بەر لە شووکردنیان زۆر نیگەرانن لەبەرامبەر ڕووبەڕووبونەوەی ژیان و ئایندەیان و ترسیان لێی هەیە، هەست بە بێتوانایی و لاوازی دەکەن کە بەتەنها ناتوانن ڕووبەڕووی ژیان ببنەوە، بۆیە هەمیشە چاوەڕێی پیاوێک دەکەن بێت و شووی پێبکەن تاوەکو لە پاڵیدا وەک هێزێک هەست بە ئاسایش و پاڵپشتی بکەن و وەک سوارچاکێک ببێتە فریادڕەسیان.

لەمر ڕووەوە دەتوانین لێکچواندنێکی تەواو بکەین لە نێوان سایکۆلۆجیای لاوازی و خۆبەکەمزانینی کچان و سایکۆلۆجیای ژێردەستەیی خۆبەکەمزانینی کورد. هەرچەندە هەندێک بە پێچەوانەوە پێیانوایە کورد خۆی زۆر بە گەورە

---

* گرێی سەندرێلا (Cinderella complex) زاراوەیەکە لە بواری دەروونناسی بەکاردەهێندرێت وەک ئاماژەیەک بۆ ترسی ژنان لە سەربەخۆیی و پشت بەخۆبەستن، بۆ ئەمەش هەمیشە چاوەڕێی هێزێکی دەرەکی وەکو پیاو دەکەن کە پشتی پێ بەستن. ئەمەش بۆ یەکەمر جار لەلایەن کۆلێت داولینگ ( Colette Dowling)بەکارهاتووە لە پەرتووکەکەیدا بەناوی ( گرێی سەندرێلا، ترسی شاراوەی ژنان لە سەربەخۆبوون -Cinderella complex: woman's hidden fear of independence).

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

دەبینێت لەچاوی زلهێزە دەرەکیەکان و ململانێ نێودەوڵەتیەکان، پێیانوایە کورد خۆی فریوداوە وا هەست دەکات پێگەی جیۆ سیاسی و ئابووریەکەی هەمیشە جێگای بایەخی زلهێزەکانن، بۆیە زلهێزەکانن هەر بە گرنگی بایەخەوە لە کورد دەڕوانن و بێدەربەست نابن لەبەرامبەریان و کورد ئامادەی هەیە لە پلان و بیرکردنەوە و خەیاڵدانی زلهێزەکان و فەرامۆشناکرێت.

ئەمە ڕاستە بەڵام گەر سایکۆلۆجیانە لێی بڕوانین ئەمەش هەر لە خۆ بەکەمزانینەوە دێت نەک خۆبەگەورەزانین. وەک چۆن زۆرێک لە کچان هەست بە ترس و لاوازی دەکەن لەهەمبەر ڕووبەڕووبونەوەی ژیان بۆ ئەمەش چاوەڕێی پیاوێک دەکەن تاوەکو بێت و لەپاڵیدا هەست بە ئاسایش و ئارامی پاڵپشتی بکەن. هەمیشەش پێیانوایە جێگای سەرنجڕاکێشانی پیاوانن، پیاوان خۆیان دێن ڕزگاریان دەکەن و گرنگیان پێدەدەن.

بەهەمان شێوە چونکە نەتەوە سەردەستەکان پێشتر و ئێستاش خۆیان لەو سەری دونیا دێن بۆ لای نەتەوە بندەستەکان و تەماحیان لە خێر و بێری ئەو نەتەوە بندەستانە هەیە و گرنگیان پێدەدەن، وەک چۆن پیاوان تەماحیان لە جوانێ ئافرەت هەیە و گرنگیان پێدەدەن دێنە خوازبێنیان، بۆیە پێیانوایە زلهێزەکان هەمیشە خوازبێنیکارێکی باشن بۆ ئەو نەتەوە بندەستانە گەر بتوانن سەرنجیان ڕابکێشن ! بۆیە لە ئەنجامدا نەتەوەی بندەست هەمان سایکۆلۆجیەتی ئەو ئافرەتە لاوازانەیان دەبێت کە دەیانەوێت بەجوانیەکەیان ببنە جێگای سەرنجی پیاوێک و شوی پێ بکەن، تا لە پاڵیدا هەست بە ئاسایش و ئارامی بکەن و ترسی بڕەوێتەوە لە هەمبەر ڕووبەڕووبونەوەی ژیان.

کوردیش هەمان دۆخی سایکۆلۆجی هەیە، خۆی زۆر لەوە کەمتر دەبینێ کە پشت بخۆی ببەستێ بۆ ڕزگارکردنی خۆی، بەڵکو چاوەڕێی هێزێک دەکات لەدەرەوەی خۆی. پێیوایە پێگەی جیۆ سیاسی و ئابووریەکەی، بەتایبەتی نەفت و سامانە سروشتیەکەی زۆر جێگای بایەخی زلهێزەکانە. توانیویەتی بەکاریبهێنێت بۆ سەرنجڕاکێشانی زلهێزەکان. ڕۆژێک دێت زلهێزەکان وەک سوارچاکێکی فریادڕەس دێن ڕزگاری دەکەن لە دەست زڕ دایک و زڕ خوشکەکانی!

بەم شێوەیە، ئەو نەتەوە بندەستانەی هاوشێوەی کورد وەک ئافرەتانی لاواز خۆیان ناتوانن ڕووبەڕووی ژیان ببنەوە بەتەنها و پشت بەخۆیان ببەستن، بەڵکو چاوەڕێن تا خێر و بێر و پێگەی جیۆ سیاسی و ئابووری وڵاتەکەیان ببێتە جێگای سەرنجڕاکێشانی نەتەوە سەردەستەکان، تاوەکو بێنە ناو وڵاتەکەیان و گرنگیان پێبدەن و لەپاڵیاندا هەست بە ئاسایش و پاڵپشتی بکەن.

هەر ئەم گرێیەش کە لە بنەڕەتدا گرێی خۆبەکەمزانین و تێکشکاویە، وایکردووە، کە تاکی هیچ وولاتێکی دونیا بە قەد تاکی کورد ئەوەندە چاودێری هەواڵە سیاسیەکان و ڕووداوە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان نەبێت. تاکێکی ڕۆژئاوایی ئەگەر کار و پسپۆڕیەکەی سیاسەت نەبێت، بە دەگمەن نەبێت گوێ بە ڕووداوە سیاسیە دەرەکیەکان نادەن. بەڵام تاکی کورد هەمیشە چاودێری ڕووداوە سیاسیە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان دەکەن، لە چاوەڕوانی ئەوەدان کە گۆڕانکاریەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕووبدات، بەشکو بەجۆرێک بشکێتەوە کە لە سوودی مافە سیاسیەکانی کورد بێت و ببێتە هۆی هاتنەکایەی دەوڵەتێکی کوردی و لە دەست دراوسێ داگیرکارەکان ڕزگاری بکرێت.

وەک گەریدە و کوردناس (مارتن ڤان برۆنەسن) باسی ئەوە دەکات کە لە هیچ شوێنێک مرۆڤ و خەڵکانێکی نەدیوە کە وەکو کورد ئەوەندە گرنگی بە هەواڵە سیاسیەکانی ناوەخۆ و دەرەوە و جیهانی بدەن. دەڵێ لە هەوارێکی ڕەوەندەکان بووم، هەموو ڕۆژ گوێیان لە هەواڵەکان دەگرت و لە نێوان خۆیان شیان دەکردەوە و قسەیان لەسەر دەکرد، بەتایبەتی ململانێکانی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم گرینگیدانەشیان بەو مەبەستەبوو، کە بەشکو لەو ململانێیانە سەربەخۆبوونی کوردستانی لێ بکەوێتەوە.[1]

هەموو ئەمەش ئاماژە و دەرخەری ئەوەیە کە کورد چاو لە دەستە، تا هێزێکی دەرەکی بێت ڕزگاری بکات، نەک خۆی خۆی ڕزگار بکات. ئێستاشدا بە هەواڵی پاڵپشتیەک لەلایەن ئەمریکا یان ئەوڕوپا یان ئیسرائیل دەچێتە ئاسمان لە

[1] برۆنەسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٨.

خۆشیان، ئەمەش لە باوەڕبەخۆنەبوون و گرێی خۆبەکەمزانینەوە دێت. بۆ ئەمەش دەیەوێت سەرنجی هێزە دەرەکیەکان بە لای خۆیدا ڕابکێشیت، ئینجا چ لە ڕێگای نیشاندانی باشی و میواندۆستی و ڕێزگرتنی لە ڕادە بەدەری بیانیەکان بە تایبەتی ڕۆژئاواییەکان، تا بۆیان بسەلمێنن کە ئێمەی کورد ئێوەمان خۆشدەوێت و دژی ئێوەنین وەک تورک و عەرەب و فارس. چ لە ڕێگای بوونی نەفت و سامانی سروشتی و دەرگە ئاوەڵاکردن بۆ کۆمپانیا بیانیەکان تا بەخێرێکی زۆرباش وەبەرهێنان بکەن لە پێناو بە دەستهێنانی پاڵپشتی دەرەکی. ئەم جۆرە ئەقڵیەتەش وا دەکات کورد هەمیشە هێزێکی پاسیڤ و ناچالاک بێت. هەمیشە کارتێکراوبێت، نەک کاریگەر. هەمیشە چاوەڕێ ڕووداو و پەڕجوێکی دەرەکی بکات، نەک خۆی ڕووداو بێنێتەکایەوە و پەڕجو دروست بکات. دەرەنجامی ئەوەش بە ئەگەرێکی زۆر هەر مانەوەیە بەو شێوەیەی کە هەیە.

.

### ٦-٢ کورد و ئەقڵیەتی ئاشتەوایی ناوخۆیی

لە نیوان کوردان کاتێک شەڕ و ناکۆکی لە نێوان دوو کەس، دوو بنەماڵە، دوو عەشیرەت، دوو حزب ڕوودەدات، ئەوا ئاشتەوایی کارێکی ئاسان نیە. جارێ هەردوو لایەنی بەشەڕهاتوو زۆر ئەستەمە خۆبەخۆ پێکبێن بەبێ لایەنی سێیەم. بۆیە زۆربەی کات بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و ناکۆکی دوو لایەن، ئەوا پێویست دەکات لایەنی سێیەم بێتە نێوانیا وەک نێوبژیوانیان. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، لایەنی سێیەم کێیە؟ یان دەبێت چ تایبەتمەندیەکی هەبێ؟ ئایا هەر کەسێک و لایەنێك دەتوانێت ببێتە لایەنی سێیەم و دوو لایەنە ناکۆکەکە ئاشتبکاتەوە؟

لە ئەقڵەیەتی خێڵەکی کوردیدا، لایەنی سێیەم بۆ ئەوەی ببێتە ناوبژیوان، دەبێت کەسێک یان لایەنێک بێت، لەلای هەردوو کەس و لایەنە بەشەڕهاتوو و ناکۆکەکە، خاوەن ڕێز و شکۆیەکی گەورەبێت، بەجۆرێک بە قەدر و ڕێز بێت لەلایان کە قسەی ڕەتنەکرێتەوە. گەر لایەنێکی وا پەیدانەبێ، ئەوا ئاشتبوونەوەیان زۆر ئەستەم دەبێت و زۆر دەخایەنێت. کاپتن هێی لەم بارەیەوە دەڵێ ئەگەر لایەنەکانی بەشەڕهاتوو لە چین و پۆلی خوارەوەبن ئەوا سەرخێڵ و سەرعەشیرەتەکان ناوبژیوانیان دەکەن، بەڵام ئەگەر خودی سەرخێڵ و سەرعەشیرەتەکان لایەنی بەشەڕهاتووبن، ئەوا زۆر زەحمەتە ئاشتەواییان ڕەنگە ساڵانێکی زۆر بخایەنێت، یاخود دەبێت حکومەتێک ناوبژیوانیان بکات.[1]

ئەمەش ئەدگار و ئەقڵیەتە خێڵەکیەش تەواو ڕەنگیداوەتەوە لە ئەقڵیەتی سیاسی حزب و پارتە کوردیەکان کاتێک دەکەونە نێو شەڕ و ناکۆکی. بۆ نموونە لە شەڕی ناوەخۆیی نێوان (پ. د. ک – ی. ن. ک)، سەرەتا خۆبەخۆ بەهیچ شێوەیەک نەیانتوانی کۆتایی بەشەڕ بهێنن، بگرە هەر نەیانتوانی بەر بە گەورەبوونی شەڕەکە بگرن کە سەرەتا شەڕێکی بچووک بوو، لە ناوچەیەکی دیاریکراو. پاشان کە شەڕ گەورەبوو، ناوچەکانی دیکەشی گرتەوە، کاریگەری زۆر خراپی کردە سەر ژیانی خەڵک و تەواوی بوارەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان.

چەندین کەسایەتی و لایەن، لە (سیاسیەکان، هونەرمەندان، نووسەران و ئەکادیمیستان، تەنانەت پەڕلەمانی کوردستانیش) داوای وەستاندن و کۆتایی پێهێنانی شەڕی ناوەخۆییان کرد، بی سوود بوو، چونکە ئەمانە هیچیان خاوەن ئەو ڕێز و شکۆیە نەبوون لە ئەقڵیەتی ئەم دوو پارتە کە بتوانن کاریگەریان لەسەر دروست بکەن و ئاشتەوایی لەنێوانیان بێننەکایەوە. تاوەکو لەسەر دەستی ئەمریکا و وەزیری دەرەوەی (مادلین ئۆلبرایت) ئاشتەواییان کرد لە ساڵی ١٩٩٨، کە لەلای هەردوو پارتەکە خاوەن ڕێز و شکۆ بوون.

لەماوەی شەڕی ناوخۆیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، تەنها لایەنی دەرەکی دەیتوانی کۆیان بکاتەوە و ڕێککەوتنیان لە نێوان دروست بکات، لایەنی ناوخۆیی و خۆبەخۆ کۆشی بکربانانەوە بەڵام ڕێککەوتنی لێ نە دەکەوتەوە، لەو ماوەیدا چەند جارێک کۆبوونەوە و ڕێککەوتن، ئەو چەند جارەش نە خۆبەخۆیی بوو نە لەسەر دەستی کەسایەتیەک یان هێزێکی نێو خۆیی و هاونەتەوەیی، بەڵکو دوو جار لەسەر دەستی ئەمریکا لە درۆگیدا

[1] هێی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦

کە شارێکی بچووکی دەورووبەری دوبلینە لە ئیرلەندا کۆبوونەوە و ڕێککەوتن، کۆبوونەوەی یەکەم لە ١٩٩٤ دووەمیش لە ١٩٩٥ ، جارێکیش ئێران کۆیکردنەوە ئەویش لە ١٩٩٦. [1]

ئەمەش تەنها نموونە نیە لە ئەزموونی ناکۆکی نێوان حزبە کوردیەکان، چەندین جاری دیکە ئاوا ناکۆکیەکانیان گەیشتۆتە بنبەست، هیچ کەسایەتی و لایەنێکی ناوەخۆییش نەیتوانیوە کۆیانبکاتەوە جگە لەلایەنێکی دەرەکی، نموونەیەکیتر ناکۆکی ( پ. د. ک - ی. ن. ک)بوو لە ساڵی ٢٠٢٢ کە گەیشتبووە بنبەست، لەسەر کۆمەڵێک پرسی وەک یاسای هەڵبژاردن، ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، داهاتی ناوەخۆ... کە نە گوێیان بە هیچ هەوڵێکی ناوەخۆییدا، نە گوێیان بە گوزەران و هاواری خەڵکیدا، تا نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بلاسخارت هات کۆیکردنەوە.

دوای ڕوخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد سەرۆکی پێشوو سوریا، هاتنەکایەی بارودۆخێکی نوێ بەتایبەتی بۆ کورد کە زۆر چارەنووسسازبوو، تورکیا بە توندترین شێوە پێی دادەگرت لەسەر لەناوبردنی هەر جۆرە دەسەڵات و ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەری کوردی لە سوریا نوێ، سەرکردەی گشتی سەربازی دەستەی ئازادکردنی شام ناسراو بە ئەحمەد شەرع بەهەمان شێوە فیدراڵی و هەرجۆرە خۆبەڕێوەبەریەکی بۆ کورد ڕەتدەکردەوە، ئێران و عێراقیش سەرەڕای دژایەتیان لەگەڵ دەسەڵاتی نوێی سوریا بەڵام دژی فیدراڵیەتی سوریا لێدوانیان دەدا و داوای ناوەندیەتی سیاسیان دەکرد، هەموو لایەنێک سەرەڕایی ناکۆکیەکانیان بەڵام لەسەر دژایەتی کورد کۆکبوون. کەچی هێزە کوردیەکان* لەنێو خۆیاندا ناتەبابوون لەم کاتە هەستیارە، تەنانەت لەگەڵ یەکتریش کۆنەدەبوونەوە سەرەڕای خواست و دەنگی خەڵک و کەسایەتیە سیاسی و ڕۆشنبیرەکان بۆ یەکڕیزی و تەبایی، تا دواجار بە هەوڵ و فشاری ئەمریکا و فەڕەنسا کۆبوونەوە.

ئینجا وەنەبێ کە ئەم دوو هێزە سەرەکیە کوردیە لە هەستیاری دۆخەکە و مەترسی و هەڕەشەی دوژمنانی کورد و بارودۆخ و دەرفەتە نوێیەکە و گرنگی یەکگرتوویی کورد لەم قۆناغەدا تێنەگەیشتبن، بەڵکو باش لەمانە تێگەیشتوون، باشیش لەوە گەیشتوون کە ئەگەر یەکگرتوو نەبن هەردوو هێزەکە و کورد بەگشتی پاشەکشەیەکی گەورە دەکات تا ئاستی تیاچوون، بەڵام کوردان لە دێر زەمانەوە بەرامبەر یەک کەلـلەڕەقن و بۆ یەکتر دانایەنن، حەزیان بە براگەورەیایەتیە بەرامبەر بەیەکتر، کەسیشیان براگەورەیایەتی لە ئەوی دیکە قبوڵ ناکات.

ئەمە هەمووی دەرخەری ئەم ئەقڵیەتە خێڵەکیەیە، کە هەم خۆپێ گەورەو سازش نەکەرە بەرامبەر هاونەتەوەکەی، هەم سەرسام و خۆ بەکەمزانە بەرامبەر بێگانە و لایەنی دەرەکی. بەهۆی ئەو ئەقڵیەتە خێڵەکیەوەیە کە ناتوانن خۆبەخۆ ڕێکبکەون تەنها دەبێت لایەنێکی سێیەم بێت کە ئەوەندە بەڕێز و قەدر بێت لایان، کە قسەی بە هیچ جۆرێک ڕەتنەکرێتەوە.

### ٢-٧ کورد و ئەقڵیەتی ئاشتەوایی دەرەکی

نەتەوەی داگیرکراو/ژێردەستە ئەوەندە سوکایەتی پێکراوە لەلایەن نەتەوەی داگیرکەر/باڵادەست، بە تێپەڕبوونی کات سووکبوونی خۆیان لە نەستیاندا جێگیربووە. بۆیە لەناو خۆیاندا هەموویان سوکایەتی بە یەکتر دەکەن، لەگەڵ یەك

---

[1] کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرەکانی ٢٥١ تا ٢٥٤

* هەردوو لایەنی ناکۆک، ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد لە سوریا (ئەنەکەسە) کە لە ١١ پارت پێکهاتوون، پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا هێزێکی سەرەکی و هەژموونداره تیایدا و سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقە، لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) بە فەرماندای مەزلۆم عەبدی، کە لەچەندین هێزی جۆراوجۆر پێکدێت، ئەنجومەنی سوریای دیموکرات باڵە سیاسیەکەیەتی، پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە) هێزێکی سەرەکی و هەژموونداره تیایدا و باڵە سەربازیەکەشی یەکینەکانی پاراستنی گەلە (یەپەگە) سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانە(پەکەکە). بە گووتەی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان- سوریا، محەمەد ئیسماعیل، بە هۆی فشار و هەوڵەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا ئەم دوو لایەنە کوردە ناکۆکە کۆبوونەتەوە. سەرچاوە، ڕۆژنامەی کوردش گلۆب (Kurdish Globe) ژمارە (٦٠٢) ٢٠٢٥/١/١٣ ، ل٧.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

ناکۆکن، پێك نایەن، کەللـەڕەقن، خۆیان بەرامبەر یەک پێ گەورەیە، کەسیان سازش بۆ ئەوی دیکە ناکات چونکە سازشکردن بە شانکورتی و شکۆشکان دەبینن، بەڵام بەرامبەر بێگانە هەمیشە ئامادەی سازشن، شەیدای ڕێککەوتن و ئاشتین. چونکە لەبنەڕەتدا خۆیان بە بچووکتر دەبینن بەرامبەر بێگانە.

هێی دەڵێ کوردەکان ئەدگارێکی سەیریان هەیە، ئەویش شکاندنی شکۆی براکەیەتی، ئینجا دەڵێ ئەوەش بۆ کاریگەری داگیرکاری تورکەکان دەگەڕێتەوە چونکە ویستوویانە لەو ڕێگەیەوە هەستی نەتەوایەتیان لاوازبکەن و بیانکەن بە عوسمانی.[1] دیارە کاریگەریە دەروونیەکانی داگیرکاری لە کۆنەستی نەتەوەی داگیرکراو وا بەئاسانی ناسڕێتەوە، چونکە بە درێژایی ئەو مێژووەی داگیرکاری، کورد هەمیشە سوکایەتی پێکراوە لەلایەن نەتەوە داگیرکەرەکان، لەکاتێکدا کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت تائێستاش هەر داگیرکراوە و بە سەربەخۆیی خۆی نەگەیشتووە، هەمیشە هەست بە پەراوێزی و کەنارکەوتوویی دەکات بەرامبەر ناوەندی داگیرکار.

بۆیە ئاشتیخوازی کورد بەرامبەر داگیرکارەکانی لە هەستی خۆبەکەمزانینەوە دێت، جۆرێکە لە نەخۆشی سیندرۆمی ستۆکهۆڵم . لە نەخۆشی سیندرۆمی ستۆکهۆڵم دا، ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە لەلایەن باندێکی بانکبڕەوە دەستبەسەرکراون، دوای ئازادکردنیان سۆز و خۆشەویستیان بۆ چەتە و بانکبڕەکان پەیدا دەبێت، چونکە دەڵێن ئێمەیان نە کوشت و لەگەڵمان باش بوون! وەک ئەوەی ئەو چەتە و بانکبڕانە مافی کوشتنی ئەوانیان هەبووبێت و چاکەیان لەگەڵدا کردبن! بەو مانایەی ئازادبوونیان بە چاکەی چەتەکان لێک دەدەنەوە وەک ئەوەی خۆیان مافی ئازادبوونیان نەبووبێت!

نەتەوەی داگیرکراو کاتێک بۆ ماوەیەکی زۆر ژێردەستەی نەتەوەی داگیرکەر دەبێت، هەمان هەستی نەخۆشی سیندرۆمی ستۆکهۆڵمی بۆ دروست دەبێت. بە پێدانی مافێکی کولتووری کەم، ئاوڕلێدانەوەیەک، دەستپێشخەرییەکی ئاشتی، شاگەشکە و مەمنوون دەبێت، وەک ئەوەی نەتەوەی باڵادەست و داگیرکەر چاکەی لەگەڵدا کردبن، زۆر چێژ لە بەزەیی پێداهاتنەوەی داگیرکەر دەبینن. کورد بەبێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات، عاشقی جەلادەکانی خۆی بووە، هەمیشە خولیای هەیە کە داگیرکەرەکەی دانی پێ دابنێ و ئاشتی لەگەڵ بەرپا بکات. کێشەکەش ئەوەیە، کورد لە ڕوانگەی خۆیەوە سەیری خۆی و داگیرکەرەکانی دەکات، نەك لە ڕوانگەی داگیرکەرەکانی سەیری خۆی بکات.

کورد خۆی شاگەشگەی ئاشتی و برایەتی و پێکەوەژیانە لەگەڵ تورك و عەرەب و فارس، وا دەزانێ ئەوانیش وان. تۆی مرۆڤی کورد بۆ ئەوەی باسی ئاشتی و پێکەوەژیان بکەی، دەبێ سەرەتا بزانی تۆ چیت لە ڕوانگەی ئەوان، ئەوان چۆن سەیرت دەکەن. تۆ مرۆڤێکی نەزان و کێوی و خێڵەکیت لە چاوی ئەوان؛ تۆ نزمیت و خۆیان پێ لەتۆ باڵاترە بۆیە دەبێت هەر ژێر دەستەی ئەوان بیت؛ دەبێ بە چەند مافێکی کولتووری مەمنوون و شاگەشکە بیت، ئەگەرنا قەبوڵکراو نیت.

ئەو خۆبەکەمزانین و شەیدای ڕێککەوتن و دانپێدانانەی کورد بەرامبەر بێگانە، وای کردووە هەمیشە دەرفەتە مێژووییەکانی لە دەست دەربچێت، چونکە ئەو کولتوورە باڵایەی نەبووە، کە خەونی گەورەی هەبێت و بۆی تێ بکۆشێت. بۆیە دەبینین، کاتێك دەوڵەتی عەباسی لاوازبوو، کۆمەڵێك میرنشینی کوردی سەریان هەڵدا، وەك مەروانی و دۆستەکی و شەدادی و حوسنەوی.[2] ئەمانە بەو کەمە دەسەڵاتەی خۆیان ڕازیبوون، هەر یەك بەجیا فەرمانڕەوایی ناوچەیەکیان دەکرد، بیریان لە یەکگرتن و دروستکردنی دەوڵەت و فراوانخوازی نەدەکردەوە.

پاشان سەلجوقیە-تورکەکان هاتن ئەو میرنشینانەیان خستە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیان بەرامبەر سەربەخۆییەکی ڕێژەیی و ناناوەندیەتی (لامرکزی) تاوەکو بەکاریان بهێنن، کوردی نزمەفڕیش ڕازی بوو، کاتێکیش سەلجوقییەکان بەتەواوی شوێن پێی خۆیان قایم کرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەسەر بێزەنتییەکاندا سەرکەوتن لە جەنگی مەلازگرد لە ساڵی ١٠٧٠

---

[1] هێی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧

[2] کامەران عەزیز عەبدوڵا، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان لەسەردەمی عەباسیدا، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، ٢٠١٢، ل ٩٧

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

زایینی کە تیایدا کوردەکان ڕۆڵی بەرچاویان بینی، ئینجا کە سەلجوقیەکان هێزی تەواویان پەیداکرد، تەواوی میرنشینەکانیان داگیرکرد و کەسێکی خۆیان لە شوێنی دادەنا و سیستەمی ناوەندیەتیان پەیڕەوکرد، هەرچی میرنشینی کوردی هەبوو هەڵیانوەشاندەوە.[1]

ئەمە دیسان دووبارە بوویەوە، عوسمانییەکان کە هاتن زۆربەی میرنشینە کوردەکان بوونە ژێر دەستەی، بەرامبەر کەمێك سەربەخۆیی ناوخۆیی، خزمەتی دەوڵەتی عوسمانییان دەکرد بە سەرباز و باجەوە، بەکارهێنران لە جەنگەکانی فراوانخوازی عوسمانی. دواتر عوسمانییەکانیش سیستەمی ناوەندیەتیان پەیڕەو کرد لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، یەك بە یەك میرنشینە کوردەکانییان لەناوبرد.

دوای یەکەم جەنگی جیهانیی جارێکی تر کورد بەناوی برایەتی کورد و تورك و هاودینی و برای موسڵمان، چوونە نێو دەوڵەتی تورك و سەربەخۆییان ڕەتکردەوە، پاشان مستەفا کەمال ئەتاتورك یەك بە یەك لەناوی بردن و زمان و کوردبوونیانیشی قەدەغە کرد. ئێستاش هەر کوردە باسی ئاشتی و برایەتی و پێکەوەژیان دەکات، کورد بەڕاستی باوەڕی بە پێکەوەژیان و ئاشتی هەیە لەگەڵ داگیرکەر، زۆریش شاگەشکەیە، چونکە هەڵگری کولتووری ژێردەستەیی و خۆبەکەمزانینە، عاشقی جەللادەکەیەتی. بۆیە دەبینین لە پرۆسەی ئاشتی پەکەکە و تورکیا تەنها کورد دەڵێت پرۆسەی ئاشتی، لای تورك پرۆسەی چەکداماڵینە لە تیرۆر، کورد یەکلایەنە هەنگاوەکان دەنێ، دەوڵەتی تورکیا نەک هەر هیچ هەنگاوێکی نەنا، تەنانەت لەکاتێکدا کە پەکەکە بڕیاری چەکدانانیشیاندا دەوڵەتی تورک هەر بەردەوامبوو لە هێرشەکانی.

هەرکاتێك ئاغا بە ڕوویێکی خۆشەوە قسەی لەگەڵ کۆیلەکەی کرد و باسی ئاشتی و پێکەوەژیانی کرد، بێگومان فێڵێکی لەژێر سەرە و ئیشی پێیەتی، ئەگەر ئاغا بەڕاستی باوەڕی بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە هەیە لەگەڵ کۆیلەکەی، دەبێت ئازادی بکات. ئاغا ژیان و بوون و هەموو مافێکی کۆیلەی بە یەك مەرج دەوێ، ئەویش مەرجی ژێردەستەییە، ئەو مەرجەش هەموو مافێکی کۆیلە دەکاتەوە بە سفر.

ئەمە بۆ پەیوەندی کورد لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەر ڕاستە. داگیرکەر مادام باوەڕی بە سەربەخۆیی تۆ نییە وەک کورد، کەواتە باوەڕی بە هیچ مافێکی تۆ نییە، ژێردەستە نابێت باوەڕ بە هیچ مافێک بکات لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی داگیرکەر، چونکە تۆ لەچاوی ئەودا نزمی، نزمەکانیش دەبێت ژێردەستە و خزمەتکاری باڵاکان بن. هیچ مافێك نییە لەژێر سایەی دەوڵەتی داگیرکەر.

ژێردەستە شەرمنە، غەمگینە، دەترسێ و شەرم دەکات وەک داگیرکەری باڵادەست داوای مافی دەوڵەت بکات و خۆی هاوتای ئەو ببینێت، هەمیشە کەمتر داوا دەکات. بەشەرمەوە داوای نیمچە سەربەخۆییەك دەکات لەژێر سایەی دەوڵەتی داگیرکەر ئەویش نازانێ چ ناوێکی لێ بنێت ( فیدراڵی، ئۆتۆنۆمی، ناناوەندیەتی، کۆمەڵگەی دیموکراسی و برایەتی گەلان) تا دڵی داگیرکەر نەڕەنجێ و ڕازی بێت. لێشی دەپاڕێتەوە و دەڵێت قەوارە نا دەوڵەتیەکەم هیچ زیانێکی بۆ ئێوە نییە.

بۆیە دەبینین، کە پێنج سەد ساڵە تورك کورد دەکوژێ و داگیری دەکات، کەچی لەجیاتی ئەوەی کورد بڵێت دەوڵەتی تورك مەترسییە بۆ ئاسایشی نەتەوەییم، کەچی هێشتا تورك دەڵێ کوردەکان مەترسین بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان، لە هەر شوێنێک قەوارەیەکی کوردی هەبێت دژایەتی دەکەن. هێشتا ئێمە کورد دەپاڕێتەوە و دەڵێت ئێمە مەترسی نین بۆ ئێوە! لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان کولتووری خۆبەکەمبینی و شەرمنی نەتەوەی ژێردەست و کولتووری خودباڵایی و چاوقایمی نەتەوەی باڵادەست.

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١٤٢ -١٤٤

## - ئەنجامەکان

به پشتبەستن بە ڕەنگدانەوەکانی لایەنی تیۆری توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوەگەیشت :

أ. میواندۆستی کورد کارکردی دووچاکی سیاسی هەیە

هەرچەند میواندۆستی لە کەلتووری کوردیدا وەک خۆشەویستی و ڕەوانگەی ئەرێنی ناسراوە، بەڵام لە قەبارەی سیاسی نیشان دەدات کە میواندۆستی زیاتر لە پێویست بەرزترین بایەخ پێدراوە و وای کردووە بێگانە لە خاوەن خاک بەرزتر بینرێت. ئەمە بەهای خۆبەکەمزانینی سیاسی زیاد کردووە.

ب. خۆبەکەمزانین لە ناوخۆ هێزی یەکگرتوویی شکاندووە

بەهۆی مێژووی داگیرکاری و ژێردەستایەتی، کەلتووری خۆبەکەمزانین لەنێوان کورداندا خۆبەزلزانی بەرز کردووە؛ ئەنجامش ئەوە بووە کە لایەنە ناوخۆییەکان لەسەر قەبارەی سیاسی نزمتر بون و ئاسان سازش کردن لەگەڵ بێگانە، بەڵام سەختتر لە یەکتریان.

ت. ئەقڵیەتی سیاسی کورد نزم ئاوات و بەرگریکارە

دەستناسەکان نیشان دەدەت کە ئەقڵیەتی سیاسی کورد زۆرجار بەرگریکار بووە و چاوەڕوانی هێزێکی دەرەکی بۆ پاراستن و بەدەستهێنانی مافەکان هەبووە. ئەمە وا کردووە ئاوات و چاوەڕوانی سیاسی نزم بێت.

پ. ناشیونالیزمی کورد زۆرجار ناوچەیی و خێڵەکی بووە

هەرچەند سۆزی نەتەوەیی بەهێزە، بەڵام لە کرداردا زۆرجار بە شێوەی ناوچەیی و خێڵەکی دەردەکەوێت، نە وەک پڕۆژەی نەتەوەیی سەرتاسەری. ئەمە یەکگرتوویی سیاسی و هەستی بەرگری نیشتیمانی کەمزۆر کردووە.

ج. هەبوونی گرێی "سەندرێلا" لە ئەقڵیەتی سیاسی

کورد زۆرجار چاوەڕوانن هێزێکی دەرەکی بێت بپارێزێت، نە بە پشتبەستن بە خۆیان. ئەم شێوازە (Cinderella mindset) متمانەی نیشتیمانی نزم دەکات و بایەخی هێزە دەرەکییەکان بەرز دەخات.

ح. ناتوانی ناوخۆیی لە چارەسەرکردنی کێشەکان

توێژینەوە نیشان دەدات لایەنە ناوخۆییەکان تەنیا کاتێ دەرەوە ناوبژیوون دەکات ڕێکدەکەون. چارەسەری خۆجێی و دیموکراسی ناوخۆیی زۆرجار باش ئەنجام نادات؛ ئەمە نیشانەیە لە بەردەوامبوونی کەلتووری خۆبەکەمزانین.

خ. دڵسۆزی دەرەکی و حالەتی "عاشقی داگیرکەر"

نمونەکان نیشان دەدەن کە کورد نیمچە-ماف و نیمچە-سەربەخۆیی لە ژێر داگیرکاری قبووڵ دەکەن. خزمەتکارییە بچووک لەلایەن داگیرکەرەوە زۆرجار چاکیدانی بەناوبانگ هەبووە. ئەمە پەیوەندیدەری کەمبوونی خۆباوەڕی نیشتیمانی و خۆبەکەمزانینی نەتەوەییە.

## -دەرئەنجامەکان

بەپشتبەستن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر گەیشتووە بە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

أ. خۆبەکەمزانینی سیاسی کورد زادەی مێژوو و دۆخە کۆمەڵایەتییە

ئەقڵیەتی سیاسی کورد پەیوەستە بە درێژایی داگیرکاری، ژێردەستایەتی، نایەکگرتوویی ناوخۆیی، و ناوازەی سازشە سیاسییەکان. ئەم بنچینەیە تێکەڵبووی هەست و ڕەفتارە سیاسییەکانی تاک و گرووپە کوردیەکانە تا ئێستا.

ب. کەلتووری خۆبەکەمزانین بەرگریکاری، متمانە و یەکگرتوویی تەنیشت دەکات

لەم توێژینەوەدا دیار بووە کە خۆبەکەمزانین، میواندۆستی زیاتر لە پێویست، و سازش بەرامبەر هێزە دەرەکیەکان لە دەستەکان وەک بنچینەیەک کاریگەر بۆ نزمبوونی ئاوات، بەرگریکاری زۆر، و سستبوونی متمانەی نیشتیمانی.

ت. ئەقڵیەتی سیاسی کورد زۆرجار بەرگریکار و نزم ئاوات بووە

هەست بە دڵنەبونی سیاسی، چاوەڕوانی هێزێکی دەرەکی، و نزمبوونی سۆز و متمانەی نیشتیمانی لەسەر دۆخەکان، بنچینەی ڕەفتاری سیاسیی کوردان دروست کردووە.

پ. ناشیونالیزمی کوردی لە کرداردا زۆرجار ناوچەیی و خێڵەکی دەردەکەوێت

هەرچەند سۆزی نەتەوەیی بەهێزە، بەڵام ئەزموونی ناوخۆ و مێژوو نیشان دەدات کە خەبات زۆرجار پارچەپارچە و خێڵەکی بووە، نە سەرتاسەری. ئەمە بووەتە مانع بەر لە دروستبوونی متمانە و یەکگرتوویی سیاسی.

ج. دۆخی "گرێی سەندرێلا" هەبۆی چاوەڕوانی لە هێزە دەرەکییەکان

کورد زۆرجار پشت بە خۆیان نابەستن بۆ چارەسەرکردنی دۆخە سیاسی، بەڵکو چاوەڕوانن کە هێزێکی دەرەکی دەتوانێت ڕزگاریان بکات. ئەمە وا کردووە بایەخی هێزە دەرەکییەکان بەرزتر بکرێت لە توانای خۆ.

ح. ناتوانی ناوخۆیی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی سیاسی بەخۆی

دەستبەجێبوونی ئاشتی و ڕێککەوتن لەنێوان حزبە سیاسییەکان زۆرجار تەنیا لە ڕووداوی دەرەکی هاتووە. ئەمە نیشانەیە لە درێژی کەلتووری خۆبەکەمزانین و نەبوونی میکانیزمی ناوخۆبنیادی بەرایەتی.

خ. هەستی "عاشقی داگیرکەر" و ڕازیبوون بە نیمچە-ماف لە ژێر داگیرکاری

نمونەکان دەردەکەن کە بەهۆی کەمبوونی متمانەی نیشتیمانی، زۆر جار خزمەتکارییە بچووک لەلایەن داگیرکەرەوە بەبایەخ وەردەگیرێت، و نیمچە-سەربەخۆیی بە شوق قبووڵ دەکرێت. ئەمە هەستی خۆبەکەمزانینی نەتەوەیی بەهۆی سەرەکی نیشان دەدات.

-پێشنیارەکان:

١. بەرزکردنی هۆشیاری نەتەوەیی و شکاندنەوەی خۆبەکەمزانین

وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری، لاوان و خوێندنی باڵا بە هاوکاری زانکۆکان و میدیای ناوخۆیی مێژووی کورد بە شێوەی زانستی دووبارە بڵاوبکەنەوە و چەمکی بیرکردنەوەی نەتەوەیی ڕوونتر بکەن. ئەکادیمیستان و پسپۆڕانی دەروونناسی سیاسی بە توێژینەوە و گفتوگۆ دەتوانن باوەڕبەخۆبوونی سیاسی بەرز بکەن، جێگرەوەی ئەرێنی دابنەن و هەستەی خۆبەکەمزانین کەم بکەن. لە میدیادا نیشاندانی توانای چارەسەرکردنی کێشە لەلایەن خۆی کورد بەبێ یارمەتی دەرەکی گرنگترین هەلگرتن دەبێت.

٢. دروستکردنی میکانیزمی ناوخۆیی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و پەتەوکردنی یەکگرتوویی سیاسی

لایەنە یاسایی و حکومەت میکانیزمێکی ناوخۆیی و سەربەخۆ دەستپێبخەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و بەڕێوەبردنی دۆخە ناوخۆییەکان، بە دووربوون لە کاریگەری دەرەکی. دروستکردنی بەرنامەی سیاسی سەرتاسەری ـ نە حزبی، خێڵەکی یان ناوچەیی ـ هەنگاوێکی بنەڕەتی بووە بۆ تێپەڕاندنی دابەشبوونی ناوچەیی. بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ئەکتەرە سیاسییەکان کاریگەری گەورە هەیە لە دروستکردنی یەکگرتوویی ناوخۆیی.

٣. بەهێزکردنی خۆپارێزی سیاسی و دامەزراندنی ئەقڵیەتی سیاسیی نوێ

حکومەت و هێزە سیاسییەکان توانای بڕیاردانی ناوخۆ بەرز بکەن، متمانەی نەتەوەیی زیاد بکەن و خۆپارێزی سیاسی فەرمی‌تر بکەن. پشتگیری لە سەرکردەی گەنج، فراوانکردنی کەناڵی دیالۆگ نێوان لایەنە سیاسییەکان و هاندانی دەستپێشخەری نیشتمانی ڕێگایەکی کارسازە بۆ دابنانی ئەقڵیەتێکی سیاسی نوێ کە سەربەخۆ، یەکگرتوو و متمانەدار بێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### کوردی: پەرتووک


- ئیسکندەر، شەمسی محەمەد (١٩٩٨) مێژووی کورد لە سەدەی ١٦ هەمر، وەرگێرانی: شوکر مستەفا، وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر.
- بارزانی، مەسعود (٢٠٢٤)بارزانی وبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی شەشەمر (٢٠٠٣- ٢٠١٦) کوردستان و عێراقی نوێ، بەشی یەکەمر، چاپی دووەمر.
- بەدلیسی، شەرەفخانی (٢٠٠٦)شەرەفنامە، وەرگێرانی: هەژار، دەزگای ئاراس.
- بڕۆنەسن، مارتن ڤان (١٩٩٩) چاپی سێیەمر، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێرانی: کوردۆ، بەرگی یەکەمر.
- بڕێنمان، ڕۆبێرت ڵ. (٢٠٢٢) بەهێز مینا چیاکان، وەرگێرانی: عەبدولا عەبدولا، چاپخانەی مێخەک.
- ڕیچ ، کلۆدیۆس جەیمس (٢٠٠٢) گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان، وەرگێرانی: محەمەد حەمە باقی، دەزگای ئاراس.
- زینەفۆن (٢٠١٢) گەشتەکەی زینەفۆن، وەرگێرانی: محمد مسعود محمد، چاپی دووەمر، چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر.
- سافراستان، ئارشاک (٢٠٠٥) کورد و کوردستان، چاپی دووەمر، وەرگێرانی: ئەمین شوان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر.
- سندی، بەدرخان (٢٠٠٨) کۆمەڵگەی کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵات ناسیدا، وەرگێرانی: ئیسماعیل ئیبراهیمر، چاپخانەی خانی – دهۆک.
- سۆن، مەیجەر (٢٠٢٥) گەشتێک بۆ میزۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا، وەرگێرانی: مینە، بڵاوکراوەی کتێبخانەی یادگار- سلێمانی، چاپی سێیەمر.
- عەبدوڵا، کامەران عەزیز (٢٠١٢) هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە کوردییەکان لەسەردەمی عەباسیدا، چاپخانەی حاجی هاشمر- هەولێر.
- کۆچێرا ،کریس (٢٠١٨) بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، چاپی دووەمر، وەرگێرانی: حەسەن ڕەستگار، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، بەرگی یەکەمر.
- لازەریف، میخایل سیمۆنۆڤیچ (٢٠٢٢) لازەریف و توێژینەوەی کوردستان، وەرگێرانی: مەنسوور سدقی، چاپەمەنی مانگ.
- مەنوفی، کەمال (٢٠٠٧) تیۆرەکانی سیستەمە سیاسیەکان، وەرگێرانی: ئاوات ئەحمەد، چاپی یەکەمر، چاپخانەی یاد.
- نوئێل، مەیجەر (١٩٨٤) یاداشتەکانی میجەر نوئێل لە کوردستان، وەرگێرانی: حسین احمد جاف و حسین عسمان.
- هێی، دەبڵیو. ئاڕ. (٢٠١٦) دووساڵ لە کوردستان ، وەرگێرانی: لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.

ئینەرنێت:

زانا ناتق کەریم، بەبێ پارتی، تورکمان و بەشێک لە پێکهاتەی عەرەب پۆستی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک یەکلایی کرانەوە، ئاژانسی ئەنادۆڵو ، ٢٠٢٤/٨/١١
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AC%D9%8A%D9%87%D8%A7%D9%86/%D8%A8%DB%95%D8%A8%DB%8E-%D9%BE%D8%A7%D8%B1%D8%AA%DB%8C-%D8%AA%D9%88%D8%B1%DA%A9%D9%85%D8%A7%D9%86-%D9%88-%D8%A8%DB%95%D8%B4%DB%8E%DA%A9-%D9%84%DB%95-%D9%BE%DB%8E%DA%A9%DA%BE%D8%A7%D8%AA%DB%95%DB%8C-%D8%B9%DB%95%D8%B1%DB%95%D8%A8-%D9%BE%DB%86%D8%B3%D8%AA%DB%8C-%D9%BE%D8%A7%D8%B1%DB%8E%D8%B2%DA%AF%D8%A7%D8%B1-%D9%88-%D8%B3%DB%95%D8%B1%DB%86%DA%A9%DB%8C-%D8%A6%DB%95%D9%86%D8%AC%D9%88%D9%88%D9%85%DB%95%D9%86%DB%8C-%D9%BE%D8%A7%D8%B1%DB%8E%D8%B2%DA%AF%D8%A7%DB%8C-%DA%A9%DB%95%D8%B1%DA%A9%D9%88%D9%88%DA%A9-%DB%8C%DB%95%DA%A9%D9%84%D8%A7%DB%8C%DB%8C-%DA%A9%D8%B1%D8%A7%D9%86%DB%95%D9%88%DB%95/3300860

ئینگلیزی: پەرتووک

**–Almond, Gabriel, Verba Sidney,( 1989) “The Civic Culture: Political Attitudes and Democracy in Five Nations” SAGE Publication, California.**

ئینتەرنێت

**Mohanad faris, competition over kirkuk: between internal conflicts and regnal revaliries, Fikra forum, 30/8/2024**, Competition over Kirkuk: Between Internal Conflicts and Regional Rivalries | The Washington Institute

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# ثقافة الانتقاص من الذات والعقلية السياسية الكوردية
## دراسة سوسيو-سايكولوجية

محمد رحمان احمد
طالب دكتوراه, قسم النظام السياسي والسياسة العامة، كلية العلوم السياسة، جامعة صلاح الدين- اربيل، العراق
mohammed.rahman.a@su.edu.krd
آ.م. د. امين فرج شرف
قسم النظام السياسي والسياسة العامة، كلية العلوم السياسة، جامعة صلاح الدين- اربيل، العراق
amin.sharif@su.edu.krd

**الملخص**

**يهدف هذا البحث إلى توضيح أثر ثقافة الانتقاص من الذات في تشكيل العقلية السياسية الكوردية، بوصفها بُنية اجتماعية تراكمت عبر تاريخ طويل من الهيمنة الخارجية والتحولات السياسية. وقد اعتمد البحث على المنهج الوصفي-التحليلي من خلال مراجعة المصادر التاريخية والرحلات والسرديات السياسية، وتحليل ما تحمله من دلالات اجتماعية ترتبط ببنية الثقافة السياسية في المجتمع الكوردي.**

**وتعامل البحث مع المجتمع الكوردي باعتباره مجتمعاً يحمل تجربة سياسية ممتدة، فيما ارتكزت عينة الدراسة على تحليل نماذج متكررة من الظواهر والسلوكيات السياسية المتداولة داخل المجال العام. وجُمعت البيانات بالاعتماد على تحليل النصوص التاريخية والمصادر السوسيولوجية، بهدف الكشف عن الآليات الثقافية التي أسهمت في تشكيل الذهنية السياسية.**

**وتشير النتائج إلى أن الثقافة غير الرسمية، بما تحمله من قيم واتجاهات ومعتقدات، تلعب دوراً مركزياً في تحديد ملامح العقلية السياسية. كما تُظهر البيانات أن ثقافة الانتقاص من الذات، بوصفها نتاجاً لمراحل طويلة من السيطرة الخارجية، انعكست على السلوك السياسي من خلال انخفاض الثقة بالقدرات الذاتية، الميل إلى الاعتماد على القوى الخارجية، ضعف المبادرة السياسية، واستمرار الانقسام الداخلي مقابل مرونة أكبر في التعامل مع الأطراف الخارجية. كما كشفت النتائج عن تأثير البُنى العشائرية والمحلية في إعادة إنتاج هذا الانقسام وإضعاف فرص بناء مشروع سياسي موحد.**

**وتخلص الدراسة إلى أن فهم العقلية السياسية الكوردية يتطلب تحليلاً أعمق للبُنى الثقافية غير الرسمية التي توجه تفكير الفاعلين السياسيين. كما تؤكد النتائج أن تعزيز الثقة بالذات وإعادة تقييم الإرث الثقافي غير الرسمي يمثلان خطوة أساسية نحو بناء نموذج سياسي أكثر تماسكا وقدرة على المبادرة، بما يدعم إمكان تطوير مشروع وطني فعال.**

**وانطلاقاً من نتائج البحث، جرى تقديم مجموعة من المقترحات الفنية والتنفيذية التي تسهم في الحد من السمات السلبية وتعزيز البنية الثقافية الداعمة لوعي سياسي أكثر قوة واتزاناً.**

**الكلمات المفتاحية :الكورد، العقلية السياسية، الثقافة غير الرسمية، الانتقاص من الذات، السوسيولوجيا السياسية.**

# The Self-Deprecation Culture and Kurdish Political Mentality

## A Socio-psychological study


| |
|---|
| Mohammed Rahman Ahmed |
| Political System and Public Policy department, Political science college, Salahaddin University-Erbil, Iraq |
| mohammed.rahman.a@su.edu.krd |
| Assist. Prof. Dr. Amin Faraj Sharif |
| Political System and Public Policy department, Political science college, Salahaddin University-Erbil, Iraq |
| amin.sharif@su.edu.krd |



### Abstract

**This research aims to clarify the impact of self-deprecating culture on shaping the Kurdish political mentality, viewing it as a social structure accumulated through a long history of external domination and political transformations. The study adopts a descriptive-analytical methodology by reviewing historical sources, travel accounts, and political narratives, and by analyzing their social implications related to the foundations of political culture in Kurdish society.**

**The research treats Kurdish society as one with an extended political experience, while the study sample is based on analyzing recurring patterns of political behaviors and public phenomena. Data were collected through the analysis of historical texts and sociological sources in order to uncover the cultural mechanisms that have contributed to shaping political thinking. The findings indicate that informal culture—with its values, attitudes, and beliefs—plays a central role in defining the features of the political mentality. The data also reveal that self-deprecating culture, as a product of prolonged periods of external control, is reflected in political behavior through diminished confidence in self-capabilities, reliance on external powers, weak political initiative, and persistent internal fragmentation, contrasted with greater flexibility toward external actors. The results further highlight the influence of tribal and local structures in reproducing this fragmentation and limiting the potential for forming a unified political project. The study concludes that understanding the Kurdish political mentality requires a deeper analysis of the informal cultural structures that guide the thinking of political actors. The results also emphasize that strengthening self-confidence and reassessing the inherited informal cultural framework are essential steps toward building a more cohesive and proactive political model, thereby supporting the development of an effective national project.Based on the findings, the study presents several technical and practical recommendations aimed at reducing the negative aspects of the current cultural patterns and reinforcing a cultural foundation conducive to a more stable and empowered political awareness.**


**Keywords: Kurds, political mentality, informal culture, self-deprecation, political sociology.**